# وتووێژ لە مەڕ تاراوگە

هەڤپەیڤین:
شۆرش غەفووری

هەنووکە تاراوگە وشەیەکی ناسراوە بۆ تاکی کوردی کە لە نیوسەدەی رابردوودا شوێنگەی دووهەمی نیشتمانیش دا. عەتایی نهاییش ئەو قسەیە دەکا: کەسێك لە نیشتماندا دەژی، دەتوانێ تاراوگەنشین بێ بە حوکمی ئەوەی کە رووحی دەگەڵ ئەو دەسەڵات و سیاسەتەی کە لە سەری دا دروست بووە نامۆیە. ئەوەلە لایەکەوە، بەڵام شتێکی تریش، هەر کەسێکی کە دێتە ئەو پارچەیەی کوردستان بە نەزەری من تاراوگەنشینە یانی عەکسی هەر دوو نەزەرەکەی ئێوە بەڕێزان، بەڵام لە بواری سیاسییەوە چونکە ئەگەر بێین من لە گشت لایەنە کلتووری و کۆمەڵایەتیەکان لادەدەم بە تایبەت لایەنی سیاسی دێنمە ئاراوە. کەسێك دەبێتە هاووڵاتی شوێنێك بەو مانا سیاسییەکەی کە بتوانێ لە دەسەڵاتیش دا بەشداری بکا. راستە لە هێندێك بوار دا کە تۆ رەگەزنامەت دەدرێتێ ئەو شتە کەمێك بەرچاو دەکەوێ، بەڵام لە دواجاردا کۆمەڵگا کە ئەو شوێنەی تۆ هەنووکە تێیدا دەژی کە قەرارە ببی بە کەسێکی هاووڵاتی ئەوێ، ئەو قەبووڵ ناکا. بۆ نموونە دوو کەسی زەقمان هەیە کە لە دەسەڵاتدان، یەکێکیان شاهروودی بوو لە ئێران کە دووبارە هێندێك لە ئێرانییەکان بە تایبەتی ئەوانە کە لە ئۆپۆزسیۆنی دا بوون، هاتن عێراقی بوونەوەکیان زەق کردەوە و هەروەها لە عێراقیش دا هاتن سیستانیان نموونە وەرگرتووە و ئێرانیبوونەکەی سیستانیان زەق کردەوە کە ماوەیەك لە سەر تەلەویزیۆنەکانیش قسەی لە سەر کراو سیستانیش بۆ خۆی دانی پێدانا کە من کەسێکی ئێرانیم.



هەنووکە تاراوگە وشەیەکی ناسراوە بۆ تاکی کوردی کە لە نیوسەدەی رابردوودا شوێنگەی دووهەمی هەموان بووە جا لە هەر شوێنێکی دیکە بووبێ. ئیشی ئێمە ئێستا ئەوەیە کە لە مانای تاراوگە بگەین؟ ئێمە بە چی دەڵێین تاراوگە؟ چ خاسیەتێکی تێدا هەیە یا بە شێوەیەکی گشتی راڤەی کورد بۆ ئەم چەمکە چ بووە و ئێمە بە چ ئاقارێك دا رۆیشتووین تا ئێستا لە ماناکانی ئەو چەمکە تێبگەین. ئێستا دەمانهەوێ باس لەو عەقڵە بکەین کە لە تاراوگە دا هەیە و خەریکە وردە وردە دەبێتە عەقڵێکی تاراوگەنشین. تا چ ئاستێك ئێمە دەتوانین

پێناسەیەکی دیار بۆ تاراوگە ببینینەوەو تاراوگە پێناسەکانی چین؟ ئێمە لە روانگەی خۆمانەوە ئایا ئێرەمان بە تاراوگە قبووڵە، یا ئەو تاکەی کە لە تاراوگەدا پەروەردە دەبێ تووشی دژایەتییەکی نێوان کلتوورەکان نابێ کە لە نێوان دوو کلتووری جیاوازدا پەروەردە دەبێ. ئەوە لە لایەکەوە بەڵام لە لایەکی دیکەش پێوەندی بە ئینسانەوە یان بە نیشتمانەوە هەیە، روحی ئینسان چەندە نامۆیە بە تاراوگە و چەندەش نامۆ دەبی بە نیشتمان لە تاراوگە دا ئەوانە ئەو لایەنانەن کە ئێمە ئەمڕۆ دەمانهەوێ قسەی لە سەر بکەین. ئایا ئەو خەسڵەتانە چین کە تاراوگە لە خۆیانی دەگرێ یا ئەو تایبەتمەندییانەی کە تاراوگە لە نیشتمان جیا دەکاتەوە، چینبۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بڵێین ئێرە شوێنگەیەکە ناوی تاراوگەیەو ئەوێش شوێنگەیەکە ناوی نیشتمانە. لە روانگەی ئێوەوە پێناسەی تاراوگە چییە یاخود چۆن لە نیشتمانی جیا دەکرێتەوە؟

**رامبود لوتفپووری:** بە رای من تاراوگە ئەو شوێنەیە کە ئەو مرۆڤەی کە لە نیشتمانەکەی خۆی جیا دەبێتەوە لەوێ هەست بە جیاوازییەکی کلتووری دەکا، واتە لەوێ هەست بەوە دەکا کە کلتووری شوێنە نوێیەکە لە گەڵ ئەو کلتوورەی ئەو پێی راهاتووە و تیایدا ژیاوە جیاوازیەکی تەواوی هەیە. پێموابێ بۆ کوردستان واتە بۆ ئەو کوردەی لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبێ بۆ باشووری کوردستان، من لە سەر ئەو رایە نیم کە لە تاراوگە دابێ، چون جیاوازییە کلتوورییەکان ئەوەندە زۆر نین کە نێوی تاراوگەی لە سەر دابنێین. تایبەتمەندی‌یەکانی کلتووری یا خود فاکتەرەکانی کلتوور چین؟ سەرەکی‌ترین فاکتەری کلتوور زمانە، تۆ دێیە شوێنێك کە زمانەکەی هەر هەمان زمانی خۆتە یانی هەست ناکەی لە شوێنێکی نامۆ دای. بۆ نموونە ئێستا بۆ کوردێکی رۆژهەڵاتی خەڵکی شاری سنە ئایا تاراوگەیە ئەگەر بچێ لە شارێکی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان وەك مەریوان، مەهاباد، بانە یا لە کرماشان بێ؟ لە وانە هەر شارێك یان تەنانەت گەڕەکەکانی هەر شارێکیش وردەکلتووری خۆیان هەبێ، هێندێك تایبەتمەندیی ورد لە داب و نەریتەکاندا، بەڵام دەبینین بناغە سەرەکییەکانی کلتوور لەوێ هاوبەشن، بۆیە چەندە کوردێکی سنەیی بچێتە بانە هەست بە تاراوگەنشینی دەکا، بە رای من ئەوندەش کە بێتە سلێمانی یا هەولێر هەست بە تاراوگەنشینی دەکا. دیارە نابێ کاریگەری کلتووری هێندێك لە نەتەوەکانی دیکەی زاڵ بە سەر پارچەکانی کوردستان لەبەر چاو نەگرین، بۆ وێنە دەبینی کە کلتووری فارس لە رۆژهەڵات کاریگەری هەبووە، لە باشوور کلتووری عەڕەب کاریگەری هەبووە، بەڵام ئەو کاریگەرییە وا نەبووە کە یەکسەر دابڕانێکی ریشەیی لە کوردستان، یا لە کلتووری کوردی پارچەکانی کوردستاندا پێکهێنابێ، بۆیە بە رای من تاراوگە ئەو شوێنەیە کە تۆ هەست دەکەی کلتوورێك، لەگەڵ کلتوورێکی جیاواز بەرەوڕوو دەبێ.

**شۆڕش:** بەڕای جەنابت ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە تاراوگە دا هەن، لە نیشتمان دا نین یا بە شێوەیەکی دیکە خسڵەتەکانی ناو تاراوگە چین دەست پێی بکە تاراوگە لە دیدی مرۆڤەوە چییە لە کوێوە دەستی پێ کردووە؟ لە کوێ دانیشتمان لە تاراوگە جیا دەبێتەوە؟

**سۆران عەلی پوور:** لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییدا کەسێك نییە کە لە نیشتماندا نیشتەجێ بێ و شتێك بە ناوی نیشتمانیش بوونی نییە چونکە ئینسان بەستراوەتەوە بە تێرکردنی هێندێك غەرایزی نەفسانی خۆی، ئەو بەستنەوەیە لە پێش هەمووشیاندا بە پەیدا کردنی خۆراك، وای لێ کردووە کە بەردەوام لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌دیکە کۆچ بکا بە بێ ئەوەی فکر لە نیشتمانێك بکاتەوە.یەکەمجار کە نیشتمانێك دروست دەبێ لەسەردەمی دۆزینەوەی کشت و کاڵ دایە(هەڵبەت وەك جوغرافیایەك بۆ نیشتەجێ بوون،نەك ئەو رەهەندە سیاسیەی کە ئەورۆ نیشتمان هەیەتی) چونکە هیچ شتێك وەك کشت وکاڵ مرۆڤ بە زەمەنێك و جوغرافیایەکی دیاریکراو نابەستێتەوە، ئەو بەستنەوەیەش پێش ئەوەی بەستنەوەیەکی رووحی بێ بەستنەوەیەکی ماددییە بەو پێیەی کە زەرroorە تۆ لە سەر ئەو زەویە کار بکەی و بەرو بوومی ئەو زەویە بۆ خۆت بیخۆی. بۆیە کە کشت و کاڵ دێتە نێو مێژووی مرۆڤایەتی‌یەوە، دوو چەمکی نیشتمان و تاراوگەش دروست دەبێ، هەڵبەت مەبەست لە نیشتمان بەو مانا مۆدێرنەی کە لە دوای مۆدێرنەوە دروست بووە نیە.چونکە نیشتمان چەمکێکی نوێیە، زادگا دروست دەبێ، یانی شوێنێك کە لێی لە دایك بوویی و لێی دەمێنییەوەو لەو مانەوەی تۆدا بە درێژایی چەند ساڵ بێجگە لە ویستە ماددییەکان کۆمەڵێك پەیوەندی رووحی‌و عاتفی و نۆستالۆژی لە گەڵ نیشتماندا یالە گەڵ ئەو خاکەدا دروست دەبێ و ئەو چەمکە فراوانتر دەبێ. بۆیە لە گەڵ مۆدێڕنەدا و دەرکەوتنی شتێك بە نێوی ناسیۆنالیزم دا نیشتمانیش دروست دەبێ، یانی پێشتر نیشتمانێکی نەتەوەیی بوونی نییە. لە سەدەی نۆزدەهەم و تا کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدەهەم هەتا لەو تێکستە

ئەدەبی‌یانەی کە هەیە –چونکە زۆربەی نووسراوەی کوردی تێکستی ئەدەبی‌یە– لە خەیاڵگەی کوردی دا شتێك بە ناوی نیشتمان نابینیەوە بە مانا مۆدێرنەکەی. بۆ نمونە لە روانگەی نالی‌یەوە نیشتمان بوویەکی سیاسی نییە کە لە ئەستامبوڵەوە شێعر بۆ "سالم" دەنێرێ، تەنها باس لە زێد (زادگا) دەکا، باس لەسلێمانی دەکا، باس لە سەر چنار دەکا، باس لە خاك و خۆڵ دەکا لە شێعرەکەی‌دا. تاراوگەش بە شێوەیەك رووی پێچەوانەی نیشتمانە کە لە گەڵ مۆدێرنیتەدا دروست دەبێ. تاراوگە ناکرێ هەر سەرزەمینێکی جوغرافیایی بێ، تاراوگە سەرزەمینێکی رووحی جیاوازیشە،سەرزەمینێکی کلتووری جیاوازیشە.

**شۆڕش:** کاك سۆران باسی لە نالی کرد دەمهەوێ بە جۆرێك لە جۆرەکان پرسیارێکت لێ بکەم: ئایا ئەمە هەمان دیوە ناشیرین و دزێوەکەیە کە ئێمەی تاراوگەنشین یا کەسانی تاراوگەنشین پێناسەی دەکەین و بە دیوەکەی دیکەش دا نیشتمان هەمان دیوە جوان و بەهەشت ئاساییەکەیە کە کەسێك کە لە غوربەتدا دەژیت لێی دەڕوانێ. وەك دەزانی ئەمە لە ئەدەبیاتدا زۆر رەنگی داوەتەوە بە تایبەتی لە نامەکەی نالی و سالم دا بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەو دیدە هەیە بەرامبەر بە نیشتمان لە شوێنك کە بەهشت ئاسایەو تاراوگە شوێنێکە تەواو لیپاولیپە لە بێزا کردن. ئایا ئەو جیاوازی کردنە دروستە بە رای جەنابت چ لە رووی ئەدەبی‌یەوە چ لە رووی ئەو واقیعەوە کە تیایداین؟

**هەژار رەحیمی:** دیارە پێش ئەوەی بچمە سەر وەڵامی پرسیارەکەت پێم خۆشە پێناسەیەکی تاراوگە بکەم. کاك سۆران بە جوانی وتی کە تاراوگە لە سەردەمێکەوە سەر هەڵدەدا، واتە بەو مانایە کە ئێمە ئەمڕۆ لێی تێدەگەین دەمانەوێ پێناسەی بکەین. لە دوای دروستبوونی شتێك بە ناوی نیشتمانەوە سەری هەڵداوەو ئەو نیشتمانە لە دوایی دا پێناسەیەك هەڵدەگرێو ئەو پێناسەیە پێناسەیەکی یاسایی_سیاسی دەبێ کە لە پەیوەندی‌یە هەتا کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکانی دنیای ئەو رۆژەدا تەئسیرێکی یەکجار زۆری هەیە و دەبێتە هۆی ناساندنی ئینسان لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتردا و تەنانەت لە دیاریکردنی شەخسەیتێك بۆ ئینسان و شوناسێك بۆ ئینسان. من پێم خۆشە تاراوگە بەوە پێناس بکەم: سەرزەمینێکە کە تۆ بێگانەی تێایدا، بەڵام خودی ئەو بێگانەبوونەش بە راستی دەبێ پێناس بکرێ، ئایا ئێمە لە چ بارێکەوە دەڵێین تاراوگە سەرزەوی‌یەکە کە بۆ ئێمە بێگانەیە؟ لە وانەیە چوارچێوەیەکی جوغرافیایی بێتە پێش چاو بۆ ئێمە، بەڵام من پێموایە تاراوگە هیچ کاتێك ناتوانی بە چوارچێوەیەکی جوگرافیایی دابنێی کە ئێمە لە سەرزەوی‌یەکدا دەژین و دەڕوین بۆ سەرزەویەکی دیکە کە ئەو سەرزەوییە لە رووی پێویستی‌یەکی مادی‌یەوە تەواو دوورە لە ئێمەوە، بۆیە ئەو بێگانە بوونە بە بڕوای من بەو شێوە پێناسە دەکرێ کە ئێمە لە عەینی حاڵدا لە سەر زەمینێك، لە چوارچێوەیەکی جۆغرافیایی‌یەوە دەڕۆین و لە هەمان کاتیش دا پەیوەندی‌یەکی رۆحی کە لە گەڵ ئەو سەرزەوی‌یەی کە پێشتر تیادا ژیاوین، ئەو پەیوەندی‌یە دەپچڕێنین. یانی ئەو پەیوەندی‌یە رووحیەمان نامێنێ، لێرەدا بۆ ئێمەی کورد هەتا پێناسەکردنی تاراوگە بۆ ئێمە جیاوازە. ئایا تاراوگە بۆ ئێمە ئەو سەرزەوی‌یەیە کە ئێمە بێگانەین پێی یان ئەو سەرزەوی‌یەیە کە ئێمە دەتوانین خۆمانی تێدا بدۆزینەوە، بەو مانایە کە ئێمە تا ئێشتاش نیشتمانێکمان نییە. رەنگە کاتێك کە باس لە نیشتمانێك دەکەین بڵێین ئێمە لە چوارچێوەیەکی جوغرافیایی موشەخەس دا دەژین، پەیوەندی‌یە عاتفی و رووحی‌یە و کۆمەڵایەتی و مێژوویی‌یەکانمان هەر هەموو بە قەوەتی خۆیان باقین، بەڵام لە هەمانکاتدا تۆ نابێ ئەوەت لە بیر بچێ کە لە دنیای ئەمڕۆدا ئەو شتە پەیوەستە بەوەی کە تەعریفێکی یاسایی بکرێ، ئەوەندە پەیوەست نییە بەوەی کە ئێوە چ دەڵێن بۆ من. پێموابی تاراوگە لەو روانگەوە لەلای ئێمە بریتی نی‌یە لەو سەرزەوی‌یە کە ئێمەی پێ بێگانەین لە هێندێك بورا دا. من ئەوە بە موتڵەقی ناڵێم بەڵام دەتوانم بڵێم تاراوگە لێرە دا سەرزەویەکە کە ئێمە دەتوانین خۆمانی تێدا بدۆزینەوە و تاراوگە ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین لە رێگایەوە کۆمەڵێك چەمك و مفاهیمی دیکە بدۆزینەوە، کە ئەو چەمك و مفاهیمانە لە دوایی دا لە داشتنی بنەمایەکی کۆمەڵایەتی بەهێز لە حاڵی دارشتنی کۆمەڵگا لە سەر ئەو ئەساسەی کە خواستی خۆمان دەیهەوێ دەتوانێ گەورەترین بنەمای فکری‌بێو خەزێنەیەك بێ کە ئێمە بتوانین لە سەری قەرار بگرین. ئەو کاتە تاراوگە لە لای من مانا پەیدا دەکا کە ئێمە لە دوو حاڵەتدا دەتوانین: یەکەم ئەوەی کە ئێمە لە سەرزەویەکەدا دەژین، یەك ئەوەی کە پەیوەندی رووحی و عاتفی‌مان لە گەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکەی خۆمان نابێ. لە لای ئێمە هێندێك جار ئەگەر تاراوگە بە پێی پێناسە عامەکەی وەربگرین پەیوەست بەوەیە کە ئێمە تا چەندە لەوێ هەست بە غەریبایەتی دەکەین. بۆ نموونە لاوێك کە دەچێتە ئوروپا، لەوانەیە کەمتر

ئێحساسی ئەوە بکا کە لە تاراوگەیە. ئەوەی کە لە ئوروپا لە دایك بووەو کوردیشە تەنیا تەسویرێکی خەیاڵی لە کوردستان هەیە، بەڵام خۆی بە کورد دەزانێ‌و تاراوگە بەلای ئەوەوە ئەسڵەن مانای نییە. لە دوورەوە پێی وایە کوردستان نیشتمانی ئەوە بەڵام لەوێ دا ئەو خۆی دۆزیوەتەوەو پێناسەیەکی تری داوە بەخۆی. کە واتە من پێموایە تاراوگە لێرەدا بریتی نییە بۆ ئێمەی کورد لەو سەرزەویەی کە ئێمە بێگانە بین پێی. راستە ئەگەر بە پێی تەعریفە گشتی‌یەکە بیگری سەرزەویەکە کە ئینسان پێی بێگانەیە، بەڵام بەشێوەیەکی تر ئەوە نییە کە ئێمە بڵێین پێی بێگانەین. ئینجا سەبارەت بە پرسیارەکەت، نیشتمان هەر وەکوو گوتم کاتێك لە لای ئێمە نیشتمانێك وجوودی نەبێ لە هەمان حاڵیش دا یانی لێرەدا ئەو جوانی و شیرینی‌یەی کە هەیەتی لە دەستی دەدا، چونکە نیشتمان چ لە چوارچێوە سروشتی‌یەکەی دا بیگری چ لە چوارچێوە عاتفی‌یەکەی دا بیگری (عاتفی مەبەستم ئەو پەیوەندی‌یە رووحیانەیە کە لە لای ئێمە هەیە) کاتێك کە تۆ رۆحێکی ئاسوودەت نەبوو کاتێك کە تۆ توانایی ئەوەت نەبوو کە لە گەڵ هاوزمانان و هاوفکران و هاوسنورانتدا بی، ئینجا لە چوارچێوەی کوردستان، لە چوارچێوەی شارەکان بترازێین شارێك بۆ شارێك، گوندێك بۆ گوندێك و هەمیشە چاوێکی چاودێر و کۆنترۆڵکەر لە سەر سەرت بێ، لێرەدا نە سروشت بە لاتەوە جوانی دەمێنێ نە ئەو پەیوەندی‌یە عاتفی‌یانەش بە لاتەوە دەورێکیان دەبێ. بۆیە لێرەدا ئەگەر چاوێکیش لە تاراوگە بکەین دەبینین تاراوگە لە هەمانکاتدا تۆ پەیوەندێکی عاتفیت لە ناو گۆمەڵگاکەی خۆت دامەزراندووە بەڵام لەوێ دا ئەو پەیوەندی‌یە عاتفی‌یە بەرە بەرە تەنەزول دەکا. تۆ پێویستە لە گەڵ ئەو کۆمەڵگایە خۆت رابێنی، بۆیە لە هەردوو بواردا ئەو تەعریفە وەکوو خۆمان یانی شەخسی کورد ئەگینا لەوانەیە ئەگەر بچیتنە قالبێکی ترەوە بۆ نموونە بۆ عەرەبێك، بۆ ئەمریکایی‌یەك، بۆ ئوروپایی‌یەك تاراوگە بەو شێوەیەیە.

**شۆڕش:** کاك رامبود تۆ باست لە کلتوور کرد، کاتێك تۆ کلتووریش جار جار دەبەستیتەوە بە شوێنەوە، بەڵام بە گشتی دەتوانین بڵێین ئێستا لە شوێنێکا دەژین کە کاریگەری هەندێك کلتووری جیاوازی لە سەرە. بۆ نموونە کاریگەری کلتووریی عەرەبی لە سەرە. ئێمە لە کلتوورێکەوە هەڵقولاوین کە کاریگەریی فارسی لە سەر بووە، خۆمان دەتوانین بڵێین ئێمە کەسانێکین کە تاراوگەنشینانی نیشتمانین، ئێمە نیشتمانێکمان هەیە لەت بووە. بەڵام کاتێك لە پارچەیەکەوە دەچینە پارچەیەکی تر، بە رای جەنابت دروستکردنی کەسایەتی لە نێوان دوو کلتوردا بەو مانایەی کە کلتوورێکیان کاریگەری عەرەبی لە سەرەو ئەوی دیکەیان فارس، چۆن دەبێ ئایا ئەو کەسە دەتوانێ ببێتە کەسێکی هۆشیار یاخود کەسێك بێ کە هوشیاری کولتوورەکەی خۆی بێت؟

**رامبود:** پێم خۆشە پێش وڵامی پرسیارەکە ئەوە بڵێم کە لە گەڵ ئەوە دانیم کە ئێمە نیشتمانمان نییە. نیشتمان ئۆبژە و چەمکێکی سیاسی نییە، نیشتمان زۆرتر خەسڵەتێکی سایکۆلۆژی و مێژوویی هەیە. دروستبوونی نیشتمان بە بوونی دەوڵەتەوە نەبەستراوەتەوە. وڵات واتە قەوارەیەکی سیاسی‌دیاریکراو. ئێمە ئەوەمان نییە بەڵام نیشتمانمان هەیە. تیشتمان و وڵات دوو چەمکی جیاوازن.

نیشتمان ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ بە شێوەیەکی مێژوویی ئاگای لە بوونی هەیە و دەزانێ ئەوە خاکی خۆیەتی، بەڵام ئەوەی کە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی سیاسی وڵاتی لە سەردروست بکا ئەوە شتێکی جیاوازە.

بەڵام بۆ پرسیارەکەی کە باستان کرد ئەگەر تۆ بێنی هەر رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرچاوی بگری، دەبینی کە هەر لە بەشێك لە کوردستاندا کلتوری فارس کاریگەرییەکی زۆرتری هەیە. بۆ وێنە لە شارەکانی باشووری کوردستانی رۆژهەڵات وەك سنە و مەریوان و کرماشان ئاوایە، بەڵام لە بەشێکی دیکەی کوردستان کلتووری تورك بە پێی نیزیکایەتی زیاتر کاریگەری هەبووە. شارەکانی باکووری کوردستانی رۆژهەڵات واتە ورمێ، مەهاباد، ماکۆ و سەردەشت و نەغەدە و... لەم دەستەیەن. ئەوەش نابێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە بڵێین بنەماکانی کلتوور یانی کۆڵەکە سەرەکییەکانی کلتووری ئێمە گۆڕانی بە سەر داهاتووە، یانی کلتووری کوردی رۆژهەڵات لە گەڵ کلتووری کوردی باشوور ئەوەندە جیاواز بۆتەوە کە من لێرە هەست بەوە بکەم کە لە تاراوگە دام. باسی ئەوەم کرد باسی گەرەکەکانیشم کرد مەبەستم ئەوە نەبوو کە کلتوورێکی بە تەواوەتی جیاوازی پێکهێناوە. هێندێ جیاوازی هەیە، بۆ نموونە تۆ دەبینی لە شارێکدا ئەو ناوچانەی کە زیاتر دەوڵەمەندن داب و نەریتی خۆیان هەیە، بە پێچەوانەوە ئەو ناوچانەی کە هەژارترن تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. واتە کە تۆ دەچی‌یە شوێنە دەوڵەمەندنشینەکە یا شوێنە هەژارنشینەکە بۆ خۆت جیاوازی‌یەك هەست دەکەی لە هەڵسوکەوتی خەڵکەکە دا. من

دەڵێم ئەوانە نابێ بە هۆی دابڕانی کولتووری، ئەو لە قیاسێکی بچووکدایە بەڵام ئەگەر قیاسەکە گەورەتر بکەی دەتوانی بیگوازیەوە بۆ ئەو کوردستانە پارچە پارچەکراوە کە ئێستا بەشێکی لە ژێر دەستی عێراق یا بەشێکی لە ژێر دەستی ئێراندایە. واتە جیاوازییەکان ئەوەندە زۆر نین کە من هەست بەوە بکەم کە لە تاراوگە دام. هەر کلتوورێك دەتوانێ کاریگەری لە سەر پەروەردەی مرۆۆ هەبێت، بۆ نموونە ئەو کوردە لە بەرچاو بگرە کە لە ئوروپا دەژی، ئەو کوردەی لەوێ دەژی ئەو هەستەی کە هەیەتی بەرامبەر بە نیشتمانەکەی، تەنیا لایەنێکی سیاسی‌یەو هەر ئەو لایەنەیە کە جەنابت باست کرد واتە خیاڵە، نەبۆتە عەقلانیەت بۆی. دابڕاوە، ئەو کەسەم مەبەستە کە لەوێ لە دایك بووە نەك ئەو کەسەی کە لە نیشتمانی خۆیدا بووە ئێستا چووەتە ئەوێ، چونکە ئەوە ناتوانێ بە ئاسانی خۆی تێکەڵاوی ئەو کۆمەڵگا تازەیە بکا کە چۆتە ئەوێ. واتە بنەما کلتووریەکانی ئەو لە گەڵ کلتووری ئەو کۆمەڵگایە ناتوانێ بە یەکەوە گرێ بدرێ، بۆیە لەوێ بەردەوام هەست بە نامۆیی دەکاو بەردەوام لەوێ لە خیاڵی خۆیدا لە نیشتمانی خۆی دا دەژی. بەڵام ئەو مرۆڤەی هەر لەوێ لە دایك دەبێ واتە ئەو کوردەی کە لە ئوروپا لە دایك دەبێ ئەو شتەی کە هەیەتی بەرامبەر بە نیشتمانەکەی خەیاڵێکە، یانی ئەگەر بیهێنیتەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆشی رەنگە ماوەیەکی زۆر کەم بەو خیاڵ و سۆزەوە بتوانێ تیایدا بژی، بەڵام ناتوانی تازە خۆی لە کۆمەڵگاکەی خۆیدا جێ بکاتەوە.

**شۆڕش**: کەسی تاراوگەنشین کەسێکە کە لە رووی سۆزەوە دەڕوانێ بۆ نیشتیمان، کەسێکیش لە رووی سۆزو عاتفەوە روانی بۆ لایەنێك، بۆ شوێنگەیەك، بۆ شتێك، ئەوە تەبعەن رەخنە لەو شتەدا زۆر کەمە. بە مانایەکی دیکە کەسێکی خیاڵاوی ناتوانێ رەخنەی جیدی لە شتێك بگرێ ئایا تاراوگە چۆن دەتوانێ ئەو رەخنەیە دروست بکا؟ یا تا ئەودەمەی کە لە خیاڵی نیشتمان دای، دەبیتە هاووڵاتێکی ئەو شوێنە بە تەواو ماناکانی چ بیرەو چ رووح و چ جەستە دەگۆڕدرێن بە شێوەیەکی دیکە، ئایا رەخنە دروست دەبێ لە تاراوگە؟

**سۆران**: هەوڵ دەدەم هێندێك بابەتیانەتر سێ چەمك لێك جیا دەکەمەوە بۆ ئەوەی کە لە ئاراستەی باسەکەدا بەرچاومان روونتر بێ. چەمکی یەکەم: **تاراوگەنشین** واتە ئەکتەرێك کە رۆڵی تاراوگەنشینی دەبینێ و لە تاراوگە نیشتەجێیە.چەمکی دووهەم:**تاراوگەنشینی**،واتە تاراوگەنیشینی وەك دیاردەیەکی نوێ.چەمکی سێهەم: **تاراوگە**،تاراوگە وەك شوێن، ، سەرەتا تاراوگە یا غوربەت لەو سەردەمەوە کە پێشتر باسم کرد بەرامبەر بە زادگا یانی شوێنێك کە تیایدا لە دایك دەبی و تیایدا نیشتەجێدەبی دەردەکەوێ، دیاردەی تاراوگەنشینیش هەبووە بەڵام بە چ جیاوازی‌یەکەوە؟بەو جیاوازییەوە کە زیاتر ئەزمون کردنێکی تاکەکەسی بووە نەك گشتیی.بۆ نموونە ئەو کاتەی کە شاعیرێکی وەك ئۆوید لە یونانی کۆن دا دوور دەخرێتەوە وەك تاکەکەس دووردەخرێتەوە،یان کەسایەتیەکی ماجراجو(مغامر)سەفەرێك دەکا یان گەڕیدەیك لە شوێنێکەوە دەچی بۆ شوێنێکی دیکە، ئەو دۆخانە لە تاراوگەنشینی بەسترابوونەوە بە تاکەوە، بەڵام لە گەڵ دروست بوونی‌حیکایەتیە گەورەکاندا وەك ئەوەی کە لە پۆست مۆدێرنیزم دا باسی دەکەن و لەگەڵ دەوڵەمەند بوونی چەمکی نیشتمان بەکۆمەڵێك رەهەندی سیاسی و دەروونی، تاراوگەنشینیش دەبێتە دیاردەیەکی جەمعی و هێندێك جار سزایەکی کۆمەڵی،ژمارەی ئەو کوردانەی کە لەوڵاتانی دیکە دەژین یەکجار زۆرترە لەو کەسانەی کە پێشتر زادگای خۆیان بەجێ دەهێشت. تۆ تەماشا بکە لە سەدەی نۆزدەهەم دا حاجی قادر بە تەنیا کوردستان بەجێ دێڵێ و دەچێتە ئەستامبوڵ نیشتەجێ دەبێ، بەڵام لە ئێستادا تۆ بە کۆمەڵ دەگوازرێیەوە یا بەکۆمەڵ کۆچ دەکەی. هێندێك جار ئەو کۆچ کردنە، ئەو سەفەرە ئیرادەیەکی لە پشتە بەدەر لە ئیرادەی ئەو کەسانەی کە سەفەر دەکەن، لەوانەیە هۆکاری سیاسی لەپشت بێ وەك گواستنەوەی ئەرمەنییەکان لە دەوڵەتی عوسمانی دا بۆ ناوچەکانی دەورووبەری بەیرووت ،هێندێك جاریش سەفەر ویستێکی تاکەکەسی‌یە. تۆ وەك خۆت نیشتمان بەجێ دێڵی.لێرەدا چوارچێوەی باسەکە دیاری دەکەین، یانی تاراوگەنشین کێیە؟ تاراوگەنشین کەسێکە بەردەوام لە نێوان دوو دنیا دا هاتووچۆیەتی.نە لە تاراوگەیەو نە لە نیشتمانیشە.لەوانەیە یەکێك لە گرێ دەرونیەکانی کەسی تاراوگەنشین ئەوەبێ کە واتایەکی رەمزی بۆ شوێن نابینێتەوە و گەورەترین کێشەی لەگەڵ شوێن داهەیە. باس لەو کەسانە ناکەم کەلە تاراوگە لەدایك دەبن و هەرلەوێش گەورە بوون و پەروەردەیەکی جیاوازیان هەیە(دیارە ئەوانیش کۆمەڵێك گرفتیان هەیە) زیاتر مەبەستم ئەو تاکەکەسەیە کە سەردەمێکی تەمەنی لە نیشتمان دا بە سەر بردووە و سەردەمێکی دیکە دەچێ بۆ تاراوگە. بەڵام دەبێ ئەو هۆکارە چ بێ کە

نیشتمانی پێ بەجێ هێشتووە؟ ئایا ئەوە نیشتمانە کە ڕۆڵەکەی خۆی فڕێداوەتە دەرەوەی نیشتمان یان بۆ خۆیەتی کە بەجێی هێشتووە، یانی جاری وایە نیشتمان دەبێتە شوێنێك کە تۆ بەجێی دێڵی. لە حاڵەتی یەکەم دا کەسی تاراوگەنشین کەسێکە کە نیشتمانی بەجێ هێشتووە بە رق و تووڕەیی‌یەکی زۆرەوە، بەوەی کە لێی بێزار بووە یان بە مانایەکی دیکە نیشتمان فڕێیداوە و وەخۆی ناگرێ. بەڵام حاڵەتی دووهەمیان ئەوەیە کە کەسی تاراوگەنشین کەسێکە کە بە دوای ژیانێکی باشتر دا دەگەڕێ.لەوانەیە حاڵەتە دەروونییەکە لە نێوان ئەو دوو کەسەش جیاواز دەبێ. تاراوگەش ڕەنگە زۆر جار شوێنێکی واقیعی نەبێ، دەکرێ سەرزەمینێك زیهنی بێ زیاتر تا واقیعی. زۆر کەس لە نیشتمانی خۆشی دا هەست بە نامۆبوون دەکا، بەڵام ئەوە باسێکی سایکۆلۆژی جیاوازترە کە دەچێتە نێو کلتورەوە.لە لایەکی دیکەشەوە لە دنیای ئەمڕۆدا شتێك بە ناوی کلتووری‌بێ خەوش نەماوە، کلتورێکی بێ خەوش وەك ئەوەی تۆ گاریگەری کلتووری فارس یا ئامریکاییت لە سەر نەبێ و بەبێ ئەوەی بزانی ڕۆژانە کاریگەری دەیان کلتوورت لە سەرە لە ڕێگای ڕاگەیاندن و تکنلۆژیەوە. کەواتە ئێستا زیندووکردنەوەی ئەفسانەی کلتووری بێ‌خەوش هەوڵێکی بێ ئەنجام و لەڕاستیشدا نەزانانەیە. تۆ لە دنیایەك دای کە کاریگەری دنیایەك کلتوورت لە سەرە. دواجار ئەو سەردەمەی کە پێی دەگوترێ سەردەمی پەیوەندییەکان سەردەمی تێکشکاندی حوکمی شوێنە. مۆدێڕنە لە گەڵ خۆیدا جوغرافیایەکی دیکە دێنێ، شوێنێك دێنی بۆ دووبارە ئاشکرا بوون و دووبارە دۆزینەوە، یانی دۆخێکی دیکە دروست دەکا بەدەر لەوەی کە پێشتر لە دیدی ئێمە دا هەبوو.ئەو دیدەی کە بۆپیرۆزی نیشتمان هەبوو لە پەنجا ساڵ پێش ئێستا دا، جیاوازە لەوەی کە ئێستا هەیە بۆ نمونە بەستنەوەی نیشتمانپەروەری بەوەی کە تۆ لە نیشتمان دا بمێنیەوە تاوانێکی گەورەیە یانی دەکرێ تۆ لە نیشتمانیش دا نەبی بەڵام کەسێکی نیشتمانپەروەر بی. بەڵام بۆ ئەوبەشەی پرسیارەکەت کە ئایا کەسێك دەچێتە دەرەوە دەتوانێ دیدی ڕەخنەیی هەبێ؟ پێموایە کە تاکی تاراوگەنشینی کوردی تا ئێستا نەیتوانیوە خۆی لە هێندێك حاڵەتی رووحی و نۆستالۆژی دەرباز بکا کە بە نیسبەت نیشتمانەوە هەیەتی. زۆر جار هەست بە تاوان دەکا کە نیشتمانی بەجێ هێشتووە. بەڵام ئەوەی کە پرۆژەیەکی ڕەخنەیی بەرامبەر نیشتمان دروست ببێ بە داخەوە نەبووە. پەیوەندی نێوان تاراوگەنشین و نیشتمان لە دۆخی سۆزداری و هێندێك پەیوەندی رووحی دا ماوەتەوە. کەسێك کە نیشتمان بەجێدێڵێ ودەچێتە تاراوگە دروستتر ئەوەیە کە روانگە و خوێندنەوەو پێناسەو دارشتنەوەیەکی دیکەی بۆ کۆمەڵگای خۆی هەبێ، بە جۆرێکی دیکە بڕوانێ بۆ ئەو کۆمەڵگایە. دیدێکی لۆژیکی و ڕەخنەیی هەبێ، پێش ئەوەی دیدێکی ئێحساسی بێ بۆی؟ چونکە نیشتمان لە دیدی ناسیۆنالیزمیەوە پیرۆز دەکرێ ئەگەر باسی یەکێك لە عەیبەکانی بکەی خیانەتت لێ کردووە، بەڵام لە زانست دا ئەوە دیدە دروست نییە، نیشتمان وەك ئەوەی هەیە کە دەبینرێ ،بە شاخ و کێوە جوان و دڵرفێنەکەیەوە، بە کۆمەڵگا تێکشکاوەکەشیەوە،بە ڕووبار و دەشتە سەرسەوزەکانی وبەو تراژیدیە گەورانەش کە تیایدا هەیە. واتە دەبێ لە نێوان ڕەش و سپی دا ڕەنگەکانی دیکەش ببینی.

**شۆڕش**: باشە دوو چەمکی گرینگ هەیە کە بە نەزەری من لە تاراوگە دا دەبێ ئەوەندەی کە کاریگەرییان لە سەر تاك هەیە، بەو شێوەیەش کاریگەرییان لە سەر گشت هەبێ. ئەو دوو چەمکە یەکێکیان ئەخلاقە ئەوەی تریان ئازادی‌یە. یەکەمجار ئێمە باس لە ئازادی دەکەین ئازادی وەك هاورێیەك گوتی‌لە سەد ساڵی رابردوودا گورەترین بەها بۆ ئازادی دراوەو خوێنی بۆ ڕژاوە کە لە ئەنجام دا زەرەیەکیش بە دەست نەهاتووە. شتێك کە ئێمە دەبێ بە جیددی قسەی لە سەر بکەین، ئایا ئەو ئازادبوونەی کە بەو شێوەیە، بەو شێوە خەباتی بۆ کراوە لە بزوتنەوەی کوردی دا، بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕەوایە یا ئایا ڕەوایی‌یەتی هەیە بەو ئەندازەیەی کە خوێنی بۆ ڕژاوە و ئەوەندە ئێشی بۆ کراوە، یا ئازادی لە یەکێك لە قالبەکاندا چوارچێوە دەگرێ؟

**هەژار**: کاتێك کە باسمان لە نیشتمان کرد، باس لەو پەیوەندی‌یە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئینجا ئابووری‌یە دێتە پێشەوە کە لەو چوارچێوەیەدا لە سەر ئێمە تەئسیری هەیە و ئەو پەیوەندی‌یە دەشێ هەبێ لە ناو ئەو چوارچێوەیەی کە ئێمە پێی دەڵێین نیشتمان لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوتر دا قەرار دەگرێ. من لێرەدا کە دەڵێم ئایا ئێمە نیشتمانمان هەیە یان نا، ئێمە کە نیشتمانمان هەبێ بۆ چی نیشتمانی خۆمان بەجێ دێڵین، کە واتە لێرە دایە کە نیشتمان لە گەڵ چەمێکی‌تر دا یەك دەگرێت و یەکتری تەواو دەکەن، ئەویش پێی دەڵێن حکوومەتی نەتەوەیی یانی ڕەنگدانەوەی ئیرادەی من بێ. جا لێرە دایە کە من دەڵێم نیشتمانێکمان نییە، نیشتمان بەو مانایەیە کە خاوەنی دەسەڵات و سەروەرییەك بێ

که دواجار ئێمه خۆمانی پێ بناسێنین له دنیا دا. شتێکی تریش که دەمهەوێ روونی بکەمەوە ئەوەی که جەنابت باست کرد که تاراوگه کەمتر عەقڵانیه یان بڵێین کەمتر له رووی عەقڵانی کاری له سەر دەکرێ، یان ئەو کەسەی دەچێته تاراوگەوە که ئەو مانا دەدا به تاراوگه کەمتر له چوارچێوەی عاتفی دەردەچێ. من پێموایه ئێمه دەبی لێرەدا دوو رەهەند لێك جیا بکەینەوە، ئەوەی که ئەگەر من بتوانم عامی بۆ دابنێم ئەوانەی که له چوارچێوەی کۆمەڵێك پەیوەندی عاتفی، رووحی و جەستەیی دا له چوارچێوەی نیشتمانەکەی خۆیاندا هەڵاتوون و چوونەته ئەوێ و لەپێش هەر هەموو شتێك له هەوڵی پێکهێنانی ژیانێکی خۆش دان و دووهەمشیان که من دەمهەوێ لێرەدا پێی له سەر دابگرم ئەو کەسەی که دەچێته تاراوگه بۆ ئەوەی له تاراوگه دا سەرەتایەك بۆ خۆناساندنەوەی دەست پێی بکاتەوە، له نیشتمان تۆ کەمتر دەتوانی، ئازادی نییه، ئەگەر وایه تۆ چۆن له نیشتمان دەڕۆی. دوای ئەوە لێرەدا جۆرێك له خراپ تێگەیشتن دێته کایەوە ئێمه بلێین و نەڵێین ناتوانین لەو دنیایه دا خۆمان له چوارچێوەیەکی بەرتەسك و مەحدوود دا قەتیس بدەین، یانی لەوێ دا ئینسانییەت هیچ مانایەکی نامێنێت، بەڵکوو ئینسانییەتی ئێمه به سوود وەرگرتن له ئەزموونی خەڵکانی تره. ئەو وڵاتانەی که ئێمەی تێدا دەژین سانسۆرێکی شەدیدی له سەره، دیاره ئەگەر له وڵات بۆ وڵاتێکیتر فەرقی هەیه. بۆ نموونه یەکێکی وەك "هاشم صالحی" عەرەب دەڵێ من هەتا نەچوومه ئورووپا نەمزانی ئوروپا چییه، بەڵام که چوومه ئورووپا له گەڵ ئەوەی که دەزانم ئورووپا چییه له گەڵ ئەوەشدا دەزانم که من دەبێ چ بم، چونکه لێره دایه که دبینین دنیای ئەمرۆ دنیای کارکرد به کۆمەڵێك پێوانەیه، دنیای پەیوەندییه کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری‌یەکانه، دنیای کارکردن به کۆمەڵێك پێوانەیەش زیاد له هەموو شتێك ئەو هێزه باڵا دەستانەن که له رووی کلتووری‌و سیاسی و ئابوورییەوە له چوارچێوەی دنیادا خۆیان نیشان داوە. بۆیه ئێمه ناچارین لەو رووەوە دەبێ بزانین ئەوان چیان کردووەو چ ئەزموونێکان خستووەته بەر دەستەوە و ئێمەش بۆ خۆ راهێنان له گەڵ ئەو چوراچێوەو ئەو میعیارانەی که له دنیای ئەمڕۆدا له چوارچێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری .... قەراریان گرتووە، بۆ نموونه رۆشنبرانی خۆمان بەختیار عەلی وەربگره که تا چووە ئوروپا گوتی من به تەواوی له بیری مۆدێرن شارەزا نەبووم، نەمدەزانی بەڵام که چۆ ئوروپا ئاڵمانیەکەشی زانی و لەوێ دا بنەمای فکریەکەی خۆی بردە پێش. جا لەوێ دا دەتوانی نەتەوە قالبڕێژ کەی، دەتوانی بنەمایەکی تێئۆری بۆ نەتەوە دارێژێ، دەتوانێ بنەمایەکی نوێ‌و مۆدێرن بۆ پەیوەندییه کۆمەڵاتییەکان دابنێی‌و دەتوانی خوێندنەوەیەکی نوێت بۆ ئەو دەسەڵاتەی که له بەرامبەرت دا هەیه خوێندنەوەت بۆی هەبێ و لێرەش دایه که دەتوانی که ئەو دەسەڵاتەی تۆی له چوارچێوەی ئەو نیشتمانه خیاڵییەی (من دەڵێم نیشتمانی خیاڵی له بەر ئەوەی خۆمان دەستمان به سەری دا ناشکێ) دەری کردووی، هێناوێته دەرێ. لەوێشدا دەتوانی پێناسەیەك بدەی. ئەگەر بچینه سەر ئەخلاق و ئازادی، ئازادی چەمکێکه که لەو کاتەی که هەستی ئینسان بۆ دەست به سەرداگرتن و پاوانخوازی له لایەن ئینسان شکڵی گرت، ئینجا پله به پله هاتۆته سەرێ و جۆرێك له تێگەیشتن و خودئاگایی‌یەکی تر بەرامبەر بەو چەمکه قەرار گرتووە، بەڵام ئەوەی که زۆر جێگای سەرنجی من بوو ئەوە بوو که جەنابت باست لەوە کرد که ئایا ئەو بەهایەی که ئێمه بۆ ئازادیمان داوە یان ئەو نیشتمانەی که ئێمه هەمانه ئەوە دێنێ که له بەرامبەر ئازادی دا ئێمه چۆنی بکەین. من پێم وایه ئازادی جەوهەری ئینسانه، یەعنی ئینسان له ئازادی دا دەتوانێ ئەو مەودایانه که ئینسان کاریان تێدا دەکا. بۆ نموونه چوارچێوەیەکی داخراو و بەستراو بێنه بزانه هیچ کەس گەشەی تێدا دەکا، بۆیه من پێموایه ئازادی جەوهەری گەشه کردنی ئینسانه یان جەوهەرێکه که ئێمەی ئینسان بتوانین خۆمانی پێ تەعریف بکەین، بزانین ئینسان چییه، ئینسان ئەندێشەهایەکی فراوانی لەسەر دایه، بەڵام گرینگ ئەوەیه که تۆ بهێڵی ئەو ئەندێشانەی بخاته دەرەوە بهێڵی ئەو ئەندێشانەی بخاته بواری عەمەلییەوە. ئێمه کاتێك دێین باس له ئازادی خۆمان دەکەین زۆرتر لەو روانگەیه که ئێمه هەمیشه هەوڵمانداوە له چوارچێوەی ئەو زوڵم و ستەمەدا که هەمیشه لێمان کراوە (بیر بکەینەوە پێموابێ ئەو گەورەیەی هەر کەسێك که دەرك بەوە بکا که له دەرەوە خەریکه دەچەوسێتەوە یانی من ئەو پرسیارەت لێ دەکەم ئایا ئەگەر تۆ هەستت بەوە کرد که یەکێك دەتچەوسێنێتەوە و هیچ هەنگاوێکی له بەرامبەر دا هەڵنەهێنیەوە بۆ ئەوەی ئازادی خۆت به دەست بێنی خۆت به ئینسان دادەنێی؟ مەبەستم لێرەدا چییه؟ ئینسان دەبێ ئازادییەکه به دەست بێنێ، ئێمه لێرەدا که هاتووین وەکوو کورد، وەکو تاکێکی کوردی دەمانهەوێ خودئاگاهییەك بەرامبەر به کلتوورو مێژووی خۆمان بێنینه کایەوە، دەمانهەوێ خۆمان بخەینه ناو رەوتی

مێژوو بەڵام دەبینی بەرامبەرەکەت ناهێڵێ کە واتە ئەو ئازادی‌یە خوێنی زیاتریشی لە پێناودا دەڕژێ.

**شۆڕش**: کاك رامبود بە بڕوای من تا دیکتاتۆری نەبێ ئازادی خاڵییە لەو مانایەی کە ئێستا هەیەتی، بەو شێوەیە پرسیارێکت لێ دەکەم: ئەو نرخەکە بۆ ئازادی درا کە پێشتر لە کاك هەژارم پرسی بەڵام وڵامێکی ئەوتۆم وەرنەگرتەوە، ئەوەی کە مرۆڤ لە وڵاتی خۆی لە نیشتمانەکەی دەردەکرێ یا دەچێتە تاراوگە بە رای جەنابت ئەوە خۆدزینەوەی تاکی تاراوگەنشین نییە لە نیشتمان و ئەوەی کەلە ناو نیشتماندا بە دوای ئازادی دا بگەڕێ و کار بۆ ئازادی بکات. بە رای تۆ ئەو جیاوازی‌یە چییە لە نیوی ئەو دوو تاکەدا کەیەکێکیان لە نیشتماندایە، ئەوی تریان لە تاراوگەیە بەڵام هەردووکیان بۆ ئازادی تێ دەکۆشن؟

**رامبود**: لە سەر ئەوەی کە پێشتر لە پرسیارەکەتدا هەبوو ( ئەو نرحەی کە بۆ ئازادی ...) ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تۆ چ روانگەیەکت هەبێ کە بەرامبەر بە خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی. روانگەیەك هەیە کە زیاتر روانگەیەکی پوپێریشە دەڵێ هەموو شتێك بۆ مرۆڤە، واتە مرۆڤ تەوەرە، ئازادیش بۆ مرۆڤە، مادام مرۆڤ بۆ خۆی کەوتە مەترسی‌یەوە ئازادی مانای نامێنێ یا نیشتمان مانای نامێنێ. مرۆڤ لە چەقی دونیای بووندایە و هەموو شتێك لە دەوری مرۆڤ دایە. لە باری سیاسییەوە ئەوە روانگەیەکی ریفۆڕمیستیەوە، تۆ دەبێ بەرە بەرە چاکسازی بکەی نەك شۆڕش، چونکە لە شۆڕش دا نەوەیەك فیدا دەبێ بۆ بەختەوەری نەوەی داهاتوو، لە کاتێکدا کە هەر مرۆڤ یا نەوەیەك یەکجار دەژی و ژیانی دووپات نابێتەوە کە کەڵك لە بەرهەمی شۆڕشەکەی وەرگرێ. بەڵام دەبێ ئەوەش لە بەرچاو بگری کە تۆ لە چ هەلومەرجێك دای‌و لە گەڵ چ دیکتاتۆڕێك دا بەرەوڕووی، چەندە مەجالی چاکسازیت پێدەدا و دەبێ چەندە نرخ بۆ ئەو ئازادییە بدەی، بەرای من ئەگەر مرۆڤی کورد لە رۆژهەڵاتدا نەژیابا و لە رۆژئاوا ژیابا، رەنگە ئەو نرخەی بۆ ئازادی دەیدا زۆر کەمتر بایە و زیاتریشی ئازادی دەست کەوتبایە. من لە گەڵ ئەوەش نیم کە تۆ بە شێوەیەکی رەها بڵێی کە ئێمە هیچمان بە دەست نەهێناوە (هیچ ئازادی‌یەك). ئەو شتانە رەها نین، دەبێ بە شێوەیەکی رێژەیی چاویان لێ بکەی. ئێمە لە بەراورد لە گەڵ رابردوو ئازادترین یا نە؟ بۆ نموونە ئایا لە کوردستانی باشور ئەو ئازادییانەی ئێستا هەیە لە سەردەمی رێژیمی بەعس دا هەبوو؟ راستە ئەگەر تۆ بەراوردی بکەی لە گەڵ



رۆژئاوادا و بەرامبەر بە ئورووپا قیاسی بکەی هیچ نییە، یانی ئەو ئازادی‌یەی کە لێرە هەیە زۆر کەمە، بەڵام لە چاو پێشووی خۆی‌دا واتا خۆت بکەیە پێوانە ئایا چەندە گەشەت کردووە؟ بە رای من هێندێك شت بە دەست هاتووە، لە بەراورد لە گەڵ رابردوودا ئازادی تا رادەیەکی باش لە کوردستاندا هەیە. بەڵام سەبارەت بە نرخی ئازادی، بە داخەوە لە رۆژهەڵاتدا گەلێك زۆرە. مادام کە دەسەڵاتێك هەیە کە بە هیچ شێوەیەك لە رێگایەکی هێمن و ئارامەوە رێگات پێ نادا تۆ ئازادییەکانت مسۆگەر بکەی ناچاری نرخی زۆر بدەی. هەر وەك کاك هەژار گوتی منیش پێموایە کە ئازادی جەوهەری ئینسانە، تۆ لە هەموو شتێکی خۆت دەگوزەرێی بەڵام لە ئازادییەکەت ناگوزەرێی. دەڵێن دابین بوونی ژیانی مادی مرۆڤ لە پێش ئازادیدایە. بە رای من ئەویش دەکەوێتە دوای ئازادی، واتە ئازادی ئەولەویەتی هەیە بە سەر ئەویش دا، عەداڵەتی کۆمەڵایەتیش دەکەوێتە پەراوێزی ئازادییەوە، یانی مرۆڤ دەتوانێ لە بارودۆخی زۆر نالەباری ئابووریش دا بژی بەڵام نەبوونی ئازادی کەمتر تەحەممول دەکا. لە ئورووپاشدا ئازادی نرخی بۆ دراوە، وا نییە بڵێی ئەوانیش ئەو ئازادییەی هەیانە زۆر بە ئاسانی بە دەستیان هێناوە. تۆ ئەگەر شۆڕشی فەرانسە چاو لێبکەی، شۆڕشێکی تەواو خوێناوییە. کە وابوو سروشتیە کە ئێمەی کورد لە نێو کولتووری رۆژهەڵاتیدا دەبێ نرخێکی زۆرتر بۆ ئازادی بدەین. بەڵام سەبارەت بە پرسیارەکەت: دەکرێ بڵێین هەر دوو لایەنەکەی هەیە، یانی تاکی تاراوگەنشین کە لە نیشتمانەکەی هەڵاتووە رەنگە لە بەر نەبوونی ئازادی تەحەمولی خەباتی نەبێ، یانی نایهەوێ ئەو نرخە بۆ ئازادی بدات، دەیهەوێ کار بکا بۆ ئازادی بەڵام بە شێوەیەکی کەم تێچووتر. دەچێ لە دەرەوە لە ئوروپا، لە رۆژئاوا، لە وڵاتانی دیکە لەوێ کە مەجالێکی زیاتر هەیە بۆ کار کردن، لەوێ هەوڵ دەدا کە ئەو ئازادییانە مسۆگەر بکا یانی لە دوورەوە ئەو ئازادییانە لە نیشتمانەکەی خۆی دا مسۆگەر بکا، بۆ خۆی وەك تاکێك ئازادی مسۆگەر دەبێ، بەڵام ئازادییەکە ئازادییەکی دەروونی نییە. بە رای من ئەو تاکە لە باری دەروونییەوە، لە باری سایکۆلۆژی‌یەوە گرێدراوە بە کۆمەڵگاکەی خۆیەوە، گرێداوە بە نیشتمانەکەی خۆیەوە، بۆیە لە زۆر بابەتدا لە وانەیە لە وڵاتێکی ئورووپایی دا ئازاد بێ، بەڵام لە باری دەروونییەوە ئازاد نییە. ئەو کەسەش کە لە نیشتمان دا هەوڵ بۆ ئازادی دەدا ئەو زیاتر دەتوانێ کاریگەر بێ هەتا ئەوەی کە لە دەرەوەیە. دیارە ئەوە دوو شتن کە یەکتر تەواو

دەکەن، وا نییە کە بڵێی یەکیان بە بێ ئەوەی دیکە دەتوانێ ئازادی خۆی مسۆگەر بکا. ئەوە دوو شتی تەواوکەری یەکترین، چ ئەو کەسەی لە ئورووپا دەژی، چ ئەو کەسەی تر. واتە دەبێ ئەو خەباتە هەم لە نێو خۆی نیشتمان دا بکرێ هەم لە دەرەوەی نیشتمان دا. بەڵام ئەوەی کە لە نێو خۆدا ئامادە بووە بیکا دیارە ئامادە بووە کە نرخێکی زیاتر بداو زیاتریش مەترسییەکانی ئەو خەباتە قەبووڵ بکا.

**شۆڕش**: ئەو تاکەی کە لە تاراوگە دەژی ئەو هەزینەیەی کە دوایەتی بۆ ئازادی بە قەدرا ئەو ترس و رووحی خۆشگوزەرانیە هەیە کە هەڵاتووە لە نیشتمان؟ یا بە مانایەکی دیکە ئایا ئەو دوو تاکە چەندە زەحمەت دەکێشن دواتر کامیان لەو دوو تاکە دەتوانێ نرخ لە ئازادی ببا؟ **سۆران**: نازانم لە کوێوە مەسەلەی ئازادی بە تاراوگە و تاراوگەنشینی گرێ بدەینەوە. ئایا لەو لایەنەوە کە زۆربەی خەڵکی ئازادیخواز بە درێژایی خەڵکانی تاراوگەنشین بوون ئەگەر باسیش لە سەر چەمکی ئازادی بێ،دەبێ ئەوەش دیاری بکرێ کە باس لە ئازادی دەکەین یا ئازادیخواز.لەوانەیە هەموو تاراوگەنشینێك ئازادی خواز نەبێ، بەڵام زۆربەی ئازادیخوازانی جیهان لە زۆر قۆناغی جیاوازی مێژوویيدا تاراوگەنشین بوون لەکاتێك دا ئازادی شتێك نییە پێی بگەی. ئەو راستییە بە کۆمەڵێك دۆکیۆمێنتی مێژووییەوە دەسەلمێنم. هەمیشە ئازادیخواز بوون دۆخێکی دڵنیابەخشترت پێ دەدا لەوەی کە تۆ لە نێو ئازادی دا بژی،چونکە زۆربەی شۆڕشەکان خیانەت لە دروشمەکانی خۆیان دەکەن .ئازادی پرۆسەیەکی بەردەوامە، پرۆسەیەکی بەردەوامی گەران بە دوای ئازادی دا دێ. لەوانەیە ئاسان بێ بڵێی لە ئێران دا ئازادی نییە، لە تورکیە دا ئازادی نییە، بەڵام ئاسان نییە بڵێی کە لە ئەمریکا دا ئازادی هەیە،کەواتە ئازادی ئەوەندەی لە نەدیتراو دا پێناسەدەکرێ ئەوەندە لە دیتران دا پێناسە ناکرێ. بۆیە بەسەرنج دان لەو شۆرشانەی کە خیانەتیان بە دروشمەکانی خۆیان کردووە، هەر لە شۆڕشی فەرانسەوە بگرە تا شۆڕشی ئۆکتۆبری روسیە و لەوێشەوەبۆ شۆڕشی ئێران،هەست دەکەی دیدی مرۆڤیان بەرامبەر بە گەیشتن بە ئازادی گۆڕیوە. ئازادی هەوڵێکی بەردەوامی نەپساوەیە، پرۆسەیەکی بەردەوام بۆ گەیشتن بە ئازادی و لەهیچ دۆخێك دا خاڵێکی کۆتایی نییە. دەکرێ تۆ لە دۆخێك دا بژی کە بەشێك لە ئازادییەکانت هەبێ. بە مانایەکی دیکە ئازادی رێژەیی‌یەو دۆخێکی رەها نیە کە بڵێی من سەد دەر سەد لەو حاڵەتە دا بە ئازادی گەیشتووم. کاتێك کە بە بەشێك لەئازادی دەگەی(لەوانەیە زیاتر مەبەست ئازادی سیاسی بێ)لێرەدا کێشەکە دروست دەبێ،واتە ئەوەی کە شەڕمان لە سەر ئەوەیە کە کاممان بەشی زیاترمان لە ئازادی بەر دەکەوێ، لێرەدایە دووبارە ئازادی بۆ خۆی خیانەتی لێ دەکرێتەوە.ئەگەر ئازادی هەبێ دەبێ بۆ هەمووان هەبێ، جا چ تاراوگەنشین بووبێ چ لە نیشتمان بووبێ، چ کەسێك بەشداری لە شۆڕش دا نەکردبێ، چ کەسێك بێ بەشداری تێدا کردبێ، چ جەوانێك بێ، چ پیرێك بێ.... بەڵام ئەگەر هاتی و ئازادیت دابەش کرد لێرەدا دووبارە خیانەتت لە ئازادی کردووە، کە واتە ئەگەر ئازادییەك هەبێ، دەبێ بۆ هەمووان هەبێ یا ئەگەر نەشبوو بۆ هیچیان نەبێ.

**شۆڕش**: لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەردەوام کەسانێکمان هەن، کەسانێکی توندوتیژن، بە حوکمی ئەوەی چ ئەوەی کە دیکتاتۆرەکەیە و چ ئەوەش کە بۆ ئازادیەکەش ئیش دەکا. ئێمە تەنیا چی بکەین هەر ئەوەی کە دووبارە دەست بدەینەوە چەك و لە بەرامبەری دا بوەستینەوە. ئەمە شتێکە کە وردە وردە لە ناو مێشکی کوردا بە تەواوەتی چەسپیوە، ئێمە لە بەرامبەر چەکدا دەبێ چەك هەڵگرین. ئەوەش بە نەزەرم بیرۆکەیەکی لە ناوی خۆیدا هەڵەیە، بە حوکمی ئەوەی کە تۆ بێی دووبارە لە بەرامبەری توندوتیژی دا توندوتیژی بنوێنی. بەڵام ئەوە لایەنێکی کێشەکە بوو، بۆیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا کاتێك قسە دێتە سەر ئەوەی ئازادی چۆنیەتی دابەش کردنی ئازادی و دووبارە ماناکە من ئەوەم پێ دروستە بۆ غەرب، بەڵام بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست پێم دروست نییە. چونکە هاتنە سەر کاری دەسەڵاتداران و دروست بوونی دەسەڵاتێك دووبارە وا لە خەڵك دەکاتەوە کە کەسانێکی تر هەبن لەو ناوەندەدا بخرێنە پەراوێزەوە کە بۆ ئازادی زۆر تێکۆشاون.

**سۆران**: من مەبەستم ئەوە نییە! کاتێك کە بە واتایەك ئازادی بە دەست دێ،لەگەڵ سەردەمێکی دیکەدا رووبەروو دەبیەوەبۆ نمونە لەگەڵ ئەو کەسەدا کە پێشتر لە سەر حوکم بووە و دەستی تێکەڵە لە گەڵ کۆمەڵێك تاوان،مەبەست ئەوەنیە ئەو کەسە دووبارە وەك تۆ ئازاد بێ. بەڵام دەبێ لە دادگایی کردنی ئەودا جۆرێك لە ئازادی پێ ببەخشرێ یانی وەك ئینسانێکی ئازاد تا ئەو کاتەی کە دادگایی دەکرێ و تا ئەو کاتەی کە تاوانەکەی لە سەر دەسەلمێ هەڵس و کەوتی لە گەڵ بکرێ، ناکرێ کەسێك، لایەنێك، نەتەوەیەك خۆی بکا بە خاوەنی ئازادی لەو کاتەدا زوڵم لە ئازادی کرا کەواتا بەو دیدەوە تەماشام

کرد، بەڵام بۆ ئەوەی کە لە باسەکە نەچینە دەرێ باسەکە نەیەتە سەر ئازادی بەوەندە لەسەر ئازادی وازدێنین چونکە باسەکە لە سەر تاراوگە و تاراوگەنشینییە، ئێمە باسمان کرد ئەوانەی کە لە دەرەوەن کەسی تاراوگەنشینن، کەسێك کە پێش هەموو شتێك بە دوای شوناسێکی دیکە دا دەگەڕێ و هێندێك جار بە پێچەوانەوە دەیهەوێ ئەو شوناسەی کە هەیەتی بیپارێزێ. ئەوە دوو حاڵەتی زۆر جیاوازە، ئەو کەسەی کە بە دوای شوناسێکی جیاوازدا دەگەڕێ کەسێکە کە دەیهەوێ بە جۆرێك لە جۆرەکان لە گەڵ شارستانیەت ، کلتور، زەمان و لە گەڵ جۆرێك لە ئەخلاق و مۆراڵی دیکە خۆی بگونجێنێ، کەسێك کە دەیهەوێ شوناسی خۆی بپارێزێ، کەمێك مەحافزەکارانە تر هەڵسوکەوت دەکا. زیاتر لەوانەیە کەسێك بێ، گرێدراو بە نیشتمانەوە، لێرەدا لەبەردەم دوو دنیابینی جیاواز داین. ئەو کەسانەی کە دەیانهەوێ شوناسێك بۆ خۆیان دروست بکەن،بە پێچەوانەی ئەوانەی کە دەیانهەوێ شوناسێکی دیکە بپارێزن. بۆیە دەکرێ تاراوگەنشینیش ئازادیخواز بێ. تەماشا بکە ئەوەی کە تۆ ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری ببەستیتەوە بە شوێنەوە، بە شوێنێکی جوغرافیایی دیاریکراوەوە، زولمێکی گەورەت هەم لە ئازادیخواز کردووە هەم لە وشەی نیشتمانپەروەری. ئەوە پێی دەگوترێ شوێن پەرستیـنەك نیشتمان پەروەری. دوایی بڵێین چون تۆ لە شوێنێکی جوغرافیایی دیاریکراودا نەبووی ئەو تاوانەت بخرێتە پاڵ. چونکە تاراوگەنشین بووی، بەو مانایەیە کە ئازادیخواز نەبووی. زۆربەی ئازادیخوازانی جیهان ئەو کەسانە بوون کە لە دەرەوەی نیشتمان بوون، سەرەنجام ئازادی بەش ناکرێ.

**هەژار:** لێرەدا (لە سەر ئازادی) ئەسڵەن من هەڵەیەکی مەنهەجی لە پرسیار کردنەکەی جەنابت دا دەبینم، خودی تاراوگە لە گەڵ نیشتمان و رابت کردن تاراوگە لە گەڵ ئازادی دایە بە تۆ دەسەلمێنێ کە تەعریفی دەسەڵاتی حاکم بە سەر نیشتمانی تۆ دا چییە. من لێرەدا ئەوەت بۆ روون دەکەمەوە. جەنابت باس لەوە دەکەی کە تۆ دەتوانی لە نیشتمان دا بۆ ئازادی هەوڵ بدەی. ئایا ئێمە وەکوو کورد هیچ رێگایەکی ئاشتیخوازانەمان هەڵ نەگرتووە؟ ئەمە دەچێتە قالبی سیاسەتەوە، بەڵام پێم خۆشە یەك شت بڵێم، هێندێك بیرمەند دەڵێن: یەکەمین سەرپێچی کردنی ئادەم لە خودا یەکەمین حەرەکەتی عقڵانیش بوو، کە واتە منیش لێرەدا دەمهەوێ ئەو قەدەغانەی کە ئەو دایناوە لە کاتێکدا مافی سروشتی خۆمن، بە دەستیان بێنم. زۆر کەس رەخنە لە دوکتور قاسملوو دەگرن، دەڵێن دکتۆر قاسملوو گوتوویەتی کە من لە هەموو ئێرانییەك ئێرانی ترم. ئایا تۆ باوەڕت بەوە هەیە کە دوکتور قاسملوو باوەڕی بەوە هەبووە. دکتۆر قاسملوو لە ساڵی ١٩٦٠دا کە تێزەکەی دەنووسێ ئایندەی کورد بەوەی دەبەستێتەوە کە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە خۆشی و ئاسایش دابێ، دەڵێ کۆنفێدرالیزمێك .... کە کوردیش ببێتە یەکێك. بەڵام ئەو دەڵێ من تا ئەو حەدەش دەچم بزانم بەرامبەرەکەم تا چەند قەبوولم دەکا. قەبووڵیان نەکردم من دەڵێم لەو ئێرانیترم، بەڵام ئەو دەڵێ تەجزیە تەڵەبی و ... هەر لێم دەدا. من دەڵێم وتووێژێك بکەین لە سەر مێزی وتووێژ دەمکوژێ. من دەڵێم بنەما فەرهەنگییەکانی من ئەوەیە، با رێزیان لێ بگرم ئیجازەم بدە با بە کاریان بێنم، ئیجازەم پێی نادا. دوای ئەوە، تۆ لە چ نیشتمانێك دا دەتوانی بۆ ئازادی هەوڵ بدەی، تۆ لایەنگری گۆڕانی ئەوەندی من بتناسم. بەڵام گۆڕان هێندێك جار لەوەوە دەست پێ دەکا کە تۆ بەرامبەرەکەت چەند دەگۆڕی. من ئێستا لایەنگری خەباتی چەکداری نیم و بە خۆشیشەوە ئۆپۆزسیۆنی کوردی و هەر هەموو کورد گەیشتووەتە ئەوە کە چەك ناتوانێ و ئەوە سیاسەتێکی بنەماییش بووە لای ئێمە هەمیشە هاتووە کە کێشەی کورد بە چەك حەل نابێ. بەڵام با ئێمە سەرنجی ئەوە بدەین کە ئایا جمهوری ئیسلامی (کە ئێمە وەکو ئەوەی کوردی ئێرانین) تا چەندە خۆی گۆڕیوە بۆ ئەوەی منیش بتوانم لە خاریجی ئەوەدا بیرکردنەوەیەك بکەم. جمهوری ئیسلامی (بە پێی تەعریفاتی) لە گەڵ معیاری ئەمڕۆی جیهانییەکان ناگونجێ. گەورەترین هەڵەی مەنهەجی جەنابت لەوە دایە کە تۆ دێی تاراوگە بە ئازادییەوە دەبەستیتەوە. کاتێك کە تاراوگەت هێناو گوتت کە من ئازادی تێدا بە دەست بێنم یانی ئەو چوارچێوەی کە من تیایدا دەژیام لە پێشتر، کە ناوی نیشتمانی منەو سیستەمێکی ترە. سیستەمێکە کە باوەڕی بە ئازادی نییە، جا لەوێدایە کە من تاراوگەنشینی هەڵدەبژێرم، بەشێکی هەوڵ و تێکۆشانی منە بۆ ئازادی. ئەگینا تاراوگە چ پەیوەندی بە ئازادییەوە هەیە.

**شۆڕش:** پێم سەیرە کە کاك هەژار دەڵێ کە تاراوگە پەیوەندی بە ئازادییەوە نیە. بە داخەوە هەموو دەم کورد بە کەم فامی خۆیەوە تلاوەتەوە. ئەزانی بۆ ئێمە فرێ دراوینەتە تاراوگەوە و بۆچی تاراوگەنشین بووین؟هەڵەکەی بەڕێزتان لەوەدایە کە تۆ تاراوگە

نابەستیتەوە بە ئازادییەوە. چونکە پەیوەندییەکی راستەوخۆیان پێکەوە هەیەو لێك جیا ناکرێنەوە. ئەگەر ئازادی لە تاراوگە دەربهێنی، هەر وەك ئەوەیە وشەکان لە پەرتووکێك دەربهێنی، لە کاتێك دا کتێب بە وشەکانی نێویەوە مانای هەیە نەك بە سپیاییەکەیەوە. ئەوە کوفرێکی گەورەیە گەر بڵێی تاراوگە هیچ پەیوەندی بە ئازادییەوە نیە. هەر وەك ئەوەیە بڵێی ئێمە خەباتمان بۆ خۆش نوستن و ماشێن و ... کردووە. ئازادی لە بیرکردن لە تاراوگە بە مانای تێکچوون و ئاشبەتاڵی خەباتێك دێ کە شەست ساڵە بەردەوامە. بەڵام من داوای لێبوردنم هەیە کە لە بیرم چوو ئەوە بڵێم کە ئەو تاراوگە بوونەی ئێمە تێی کەوتووین، تاراوگەبوونێك نیە کە لە سەر ئەساسی خۆشی خۆمان بووبێ، لە سەر ئەساسی حیزبی خۆمان بووبێ. نا ئەو تاراوگەیە جۆریك بینا کراوە کە ئێمە لە شوێنێکەوە فرێدراوینەتە شوێنێکی دیکە لە سەر ئەوەی کە قسەمان لە سەر ئازادی کردووە.

بەختیار عەلی قسەیەکی هەیە دەڵێ: دەبێ غوربەت لەوە دەرچێت عاتفی کرانەوە بێ بۆ نیشتمان، دەبێ ببێتە ئیڕادەی تێڕامان و بیرکردنەوە لە نیشتمان، ئەخلاقیش وەکوو چەمکێك هەمیشە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا کەمتر بەستراوەتەوە بە مەعریفەوە، کەمتر بەستراوەتەوە بە زانینەوە، چونکە ئەگەر ئێمە باسمان لە مەعریفە کرد دەبێ باس لە هۆشیاری تاك بکەین، کە باسمان لە هۆشیاری تاك کرد لێرەدا موعادلەکانی ناو تاکی ئەخلاقی دەگۆڕێ. بۆیە تاکی تاراوگەنشین تا چ ئەندازەیەك توانیویەتی جۆرێك ئەخلاق دروست بکا کە لە ئەخلاقەکەی تر نەچێت، لەو ئەخلاقە نەچێت کە لە کۆمەڵگای خۆی دا هەیە. یا هەر بە شێوەیەکی تر ئەو پرسیارە، ئایا ئەسڵەن تاکی تاراوگەنشین توانیویەتی جۆرێك لە ئەخلاقی جیاواز لە ئەخلاقەکەی تر بێنێتە دی یان لە سەر هەمان ئەخلاقی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی، لە سەر هەمان ئەخلاقی نیشتمانەکەی خۆی دووبارە دەستی کردۆتەوە بە بینا کردنی ئەخلاقێك بۆ خۆی.

**رامبود:** من تێبینییەکم هەبوو لە سەر ئەو مەسەلەی پێشوو ئەوەی کە باست کرد کە ئەو خەباتەی ئێمە کردوومانە بۆ ئازادی لە نیهایەت دا وای لێکەوتۆتەوە کە ئەو کەسانەش کە هەڵگری دروشمی ئازادی بوون، کە خۆیان بوونەتە دەسەڵاتدار، دیسان ئازادیان پاوان کردووەو بە جۆرێك بوونەتە سەرەڕۆو دیکتاتۆر. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کلتووری دێموکراسی لە لای ئێمە لە رۆژهەڵاتدا کلتوورێکی لاوازە، یانی ئەو کلتورە زۆر گەشەی نەکردووە. مرۆڤی سەرەڕۆش یانی هەر ئەو دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەش بۆ خۆی باوەڕی بە ئازادی هەیە، بەڵام ئازادی بۆ خۆی. یانی ئازاد بێ هەر شتێك کە پێی خۆش بوو بتوانی بیکا. بۆیە تۆ ناتوانی بە شێوەیەکی رەها باس لە ئازادی بکەی، دەبێ شتەکە یاسامەند بکرێتەوە، دەبێ هەندێ پەیمانی کۆمەڵایەتی وەکوو رۆسۆ دەڵێ هەبێ کە سنووری ئەو ئازادییانە دیاری بکا. دەوڵەت و دەسەڵات ناتوانن ببن بە سەرچاوە بۆ ئەوەی کە یاسا دیاری بکەن، رادەی ئازادییەکان دیاری بکەن. دەسەڵات تەنیا دەتوانێ لە رێگای ئەو یاسایەوە کە خەڵك دیاری کردووە وەکوو نێوبژیوانێك، لەو نێوەدا نێوبژیوانی بکا. بەڵام ئایا ئێمە چەندە نرخمان بۆ ئازادی داوە، لە جێدا تاراوگەنشینییەکەی ئێمە هەر لە بەر ئازادی بووە؟ ئەتۆ لە گەڵ سیستەمێکی دەسەڵات بەرەوڕووی کە بوونی تۆی پێ قەبووڵ ناکرێ،  یانی ئەو نرخەی کە ئێستا لە نیشتمان دەبێ بۆ بە دەست هێنانی ئازادی بیدەی زۆر جار گرانتر لەوە لە تاراوگەدا دراوە. ئەتۆ دەبینی لە تاراوگە دا دێ رێبەرانی تۆ ترۆر دەکا. نەك هەر رێبەرانت بەڵکوو کەسایەتییەکانی دیکەشت، لەوێش رێگرە لە بەردەم ئەوەی کە تۆ بە ئازادی بگەی. بۆیە چ لە تاراوگە و چ لە نیشتماندا میکانیزمی داناوە بۆ کۆنترۆڵی خۆت و پاوانکردنی ئازادییەکانت. بە رای من خەباتی چەکداریش خەباتێك نەبووە کە ئێمە بە کەیفی خۆمان کردبێتمان، خەباتێك بوو کە بە سەرمان دا سەپا، هیچ رێگایەك بۆ خۆبواردن لەو شەڕە نەبووە، یانی تۆ شەڕت نەکردووە بۆ ئەوەی کە ئەوە بە میکانیزمێك بزانی کە تۆ سەر دەخا. ئەتۆ شەڕت کردووە بۆ ئەوەی کە بمێنیەوە، هەوڵێك لە ئارادا بوو کە کورد بتوێنێتەوە و ئەو سەدەیەی کە ئێستا تێیداین، ببێ بە سەدەیەکی بێ کورد، ئەو شەڕە چەکدارییە بۆ ئەوە بوو. بە هەر حاڵ مادام کە نەیدەهێشت تۆ قسە بکەی، دەنگ هەڵبڕی، بنووسی، یا بە شێوەیەکی مەدەنیانە کار بۆ بە دەستهێنانی ئازادی بکەی، ناچار بووی بە گوللەش بووە هاواری خۆت بکەی، بە دنیا رابگەیەنی بابە کوردێك هەیە لێرەدا کە خەریکن دەیچەوسێننەوە، جا ئەوە باسەکەی جیابوو. بەڵام سەبارەت بە باسی ئەخلاقەکە کە ئایا مرۆڤی تاراوگەنشین، یا بڵێین کوردی تاراوگەنشین توانیویەتی ئەخلاقێکی نوێ بۆ خۆی درووست بکا یا هەر بەو ئەخلاقەی کە لە نیشتمانەکەی خۆی دا، لە پێشوو دا هەیبووە، هەر بەوەوە دەژی. لە جێدا ئەخلاق لە رۆژهەڵات دا زۆر بنەمایەکی عەقڵانی نییە، زیاتر لە هەندێك سەرچاوەی ماوەڕائیەوە کەڵك وەردەگرێ و تەغزیە

دەکرێ. بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵات دا زۆر شت هەیە کە بە پێی ئەوەی ئایینێك یا مەسەلەن نەریتێك کردوویانە بە ئەخلاق و عورفی کۆمەڵگاکەی تۆ، ناچاری ئیشی پێ بکەی و کاری پێ بکەی و بە هەر حاڵ بیپارێزی و بەرێوەی ببەی. لە حاڵێکدا ڕەنگە ئەو ئەخلاقە کە ئێستا لە کۆمەڵگاکەی تۆدا هەیە زۆر جار ئەگەر لێکی ئەدەیەوە عەقڵانی نەبێ، بەڵام بۆتە کولتوورێك و دەبێ بیپارێزێ. لە ڕۆژئاوا بنەمای ئەخلاق تا ڕادەیەکی زۆر عەقڵانییە، بە تایبەت لە وڵاتێك وەك ئامریکا کە تەنانەت کێشەی هێرشی کولتووری کە باسی دەکەن کێشەی هێرشی کولتووری ئامریکا بۆ سەر ئورووپاشە. چونکە ئورووپاش تا ڕادەیەك ژێرخانێکی هەیە لە ئەخلاقی کۆنی خۆی بەڵام ئامریکا ئەو ژێرخانەشی کەمترە، جا بۆیە ئەوان ژێرخانێکی عەقڵانی‌یان هەیە بۆ ئەخلاق. یانی بە چ شتێك دەڵێن خراپە، چاکی و خراپی بە چی دیاری دەکرێ؟ بەوەی کە لە دیدێکی عەقڵانییەوە بە ڕاستی ئاکام و کارابییەکانی چییە. یانی کە تۆ دەڵێی فڵان کار نەکەی ئەوە کارێکی نائەخلاقییە، ئەو لێکی دەداتەوە ئایا بە ڕاستی ئەو نائەخلاقییە زەرەرێکی بۆ تاکەکەی یا بۆ کۆمەڵەکەی هەیە یا نا هەر شتێکی ئاساییە. بۆیە ئەو کوردەی کە دەچێتە ئەوێ، لە گەڵ ئەوە تووشی پارادۆکسێك دەبێ، لە گەڵ ئەو ئەخلاقەی ئەوان. ئەخلاقەکەی ئەم سەرچاوەیەکی ماوەڕائی و دینی و نەریتی هەیە، ئەخلاقەکەی ئەو سەرچاوەیەکی عەقڵانی هەیە، ژێرخانێکی عەقڵانی هەیە. ئەو پارادۆکسە زۆر جار مرۆڤی کورد لە ڕۆژئاوادا تووشی کێشە دەکا، وەکوو بڵێی وەسڵەیەکی ناجۆر دەبێ لەو وڵاتانەو ناتوانێ خۆی بگونجێنێ لە گەڵ ئەوان. زۆر جار مرۆڤێکی کورد کچەکەی خۆی کە پەروەردەیەکی ڕۆژئاوایی بووە و لەوێ پێگەیشتووە، چون بە پێی داب و نەریت و ئەخلاقیاتی ئەوان هەڵسوکەوت دەکا لێی قەبووڵ ناکات و تەنانەت کووشتووشیەتی. ئەو شتە هەبووە، بۆیە زۆر زەحمەتە کە بتوانی بە تەواوەتی دابڕێی لەو سەرچاوانە. بەڵام بە هەرحاڵ تۆ دەچیتە نێو هەر موحیتێك کاریگەری لە سەرت دەبێ، لە سەر مرۆڤی کوردیش کە دچێتە ڕۆژئاوا کاریگەری دەبێ، بەڵام ئەوەی کە بتوانێ بە تەواوەتی لەو سەرچاوە ئەخلاقییەی خۆی دوور بکەوێتەوە ئەمن پێم وانییە، یانی هەر کاریگەری دەبێ و لەوێش دیسان کۆمەڵێك کێشەی وەك ئەو نموونەیەی کە هێنامەوە دەخولقێنێ، ئەو پارادۆکسە هەیە لە نێوان ئەو دوو ئەخلاقە دا.

**سۆران:** چاو لێکە ئازادی بۆ خۆی غەریبترین و بێ نیشتمانترین چەمکی هەموو مێژووی مرۆڤایەتییە. هیچ نیشتمانێکی نییە و بەردەوام زۆر کەس بە دوای دا وێڵن و کە واتە کەسانێك کە لە نیشتمانێکی تایبەت دا دەژین و بۆ ئازادی هەوڵ دەدەن ناکرێ وەختێك کە ئازادییان بە دەست هێنا مۆنۆپۆلی بکەن بۆ خۆیان. دیسان لە وانەیە لە حاڵێك دا کە ئەتۆ بە دوای ئازادی دا وێڵی، میکانیزمی جۆراوجۆر بگریە پێش، بەڵام ئەو نەوانەی کە لە دوای گەیشتن بە ئازادی یان بە بڕوای من ئازادییەکی ڕێژەیی دێنە پێش و ئەتۆ لە زەمانێکی دیکە دا تووشیان دەبیەوە گلەییت لێ دەکەن کە ئایا ئەتۆ کە لە ژێر ناوی ئازادی دا خەڵکت کۆیلە کردووە، لە پێناوی ئازادی دا خەڵکت کوشتووە ئەرێ ئەو ئازادییەی کە ئێستا بە دەستت هێناوە، چەندە مەفهوومی هەیە؟. ئەوە شتێکی ئاساییە یانی لە هەموو تاریخ دا ئازادی قوربانی ویستووە، پێشموایە کە ئازادی تەنها شتێکە کە هەمیشە قوربانی دەوێ و هەمیشە نرخی دەوێ، جا ئەو کەسە لە هەر جێگایەك بێ فەرق ناکا. دەکرێ کەسێکی تاراوگەنشینیش ئازادیخواز بێ، دەکرێ کەسێکیش کە لە نێو نیشتمان دابێ خیانەتکار بێ، دابەشکردنی ئینسانەکان بە سەر خیانەتکار و ئازادیخواز دا و لەوەی کە ئێمە لە ئەدەبیاتی سیاسیەوە فێری بووین شتێکی ئاسانە. ئەتۆ زۆر ئاسان دەتوانی کەسێك بکەیە ئازادیخوازو کەسێکیش بکەیە نیشتمانپەروەر. کەسێك بکەیە خیانەتکار و زۆڵ بە کۆمەڵێك بەهاو پێوەر. بەڵام کە دێینە سەر ئەخلاق، دەبێ بزانین کە هەموو ئینسانێك لە کلتوورێك دا دەژی. یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی ئەو کولتووره هۆوییەتە یانی پێناسێکی جیاوازەبۆ دیتنەوەی مانا و ڕۆڵی خۆت لە ژیان دا. ئەگەر ئەرەستوو دەڵێ ئینسان مرۆڤێکی سیاسی‌یە،یەکێکیش دەڵێ ئینسان مرۆڤێکی کۆمەڵایەتیە،ئێمە دەتوانین بڵێین کە ئینسان بوونەوەرێکی گەڕۆکە بەدوای هۆوییەت دا، بە دوای شوناسێکی جیاوازدا. یەکێك لە بنەماکانی ئەو شوناسەش چییە؟ ئەخلاقە، بەڵام کە باس لە ئەخلاق دەکرێ بە نیسبەت کەسی تاراوگەنشینەوە زیاتر ئەو لایەنە کۆنەخوازییە تێیدا بەرجەستە دەکرێتەوە کە لە دیدی تاکی کوردییەوە پێی دەکوترێ شەرەف و نامووس ،یانی لە دیدە سەتحی‌یەکەدا ئەخلاق لە شەڕەف دا کورت دەکرێتەوە،کە بە پێی ترادسیۆنی ئیسلامی ئەمانەتێکە لای ڕەگەزی مێ دانراوە. بەو پێیەی کە دەڵێن کەسێك ئەخلاقی کەوتۆتە ژێر مەترسییەوە و ئەو ئەخلاقە نییە کە لە نیشتماندا هەیبووە، مەبەستیان لە شەڕەف و

نامووس و سەپاندنی هەندێك حوكمی سووننەتی دیكەیە. بەڵام لە كاتێك دا ئەخلاق بە پێوەرە گشتی‌یەكەی جۆرێكە لە بیركردنەوە، جۆرێكە لە تێڕوانین و دنیابینی و بە مانایەكی دیكە شێوازێكە بۆ ئەزمون كردنی ژیان،ئەوەی كە لەلای‌تۆ ئەخلاقە، شایەد لە لای كەسێكی دیكە نائەخلاقی بێ، ئەوەی كە لە لای تۆ نائەخلاقییە، شایەد لەلای یەكێكی دیكە ئەخلاق بێ.كەسی كۆچبەر كە دەچێتە دنیایەكی دیكەوە وەك كاك رامبوودیش ئیشارەی پێ دا لەگەڵ ئەخلاقێكی دیكە كۆنتاكتی بۆ دروست دەبێ. پێشتر باسم كرد كە كەسی تاراوگەنشین كەسێكە زۆر جار بە جەستە لە تاراوگەیە و بە رووح لە نیشتمانە، كەسێكە لە هێندێك حاڵەت دا لە تاراوگە نیشتەجێیە لە هیندێك حاڵەتی دیكەدا لە نیشتمان نیشتەجێیە. لێرەش دا ئەو ئەخلاقە دەبێتە ئەخلاقێكی دوو رەهەندی، هەندێك هەیە تێكەڵ دەبێ لە گەڵ ئەو ئەخلاقەی لەوێ هەیەو خۆی دەگونجێنێ، هەندێكیش هەیە نامۆ دەبێ بە ئەخلاقەكەی پێش خۆی و هەندێكیش هەیە توند دەست بەو جۆرە ئەخلاقە سونەتیەوە دەگرێ، ئەو جۆرە ئەخلاقە دەكرێ، شێوازی ژیان بێ، شێوازی جیهانبینی بێ، شێوازی بیركردنەوە بێ، دەكرێ هێندێك پێوەرو سوننەتی كۆمەڵایەتی بێ كە ئەتۆ لە نیشتمانی خۆتەوە دەگەڵ خۆت بردووتە بۆ تاراوگە. بەڵام ئەوەی پێی دەڵێن لەدەستدانی ئەخلاق، زیاتر دیدێكی سوننەتیە و دیدێكی موحافەزەكارانەیە. چاوت لێ بێ ئەو كۆمەڵگایانەی كە لاوازن كەمتر دەتوانن تاكەكانی خۆیان بە خۆیانەوە گرێ بدەن، لەو رێگایەوە كۆمەڵێك ئەفسانە دروست دەكەن، یەكێك لەو ئەفسانانە ئەخلاقە. بەڵام كۆمەڵگای بەهێز بە بێ ئەوەی پێویستی بە هیچ جۆرە ئەفسانەیەك هەبێ، بە بێ ئەوەی ئەتۆ تاوانبار كا بە ئەخلاقی و نائەخلاقی، ئەو كەسە بە كۆمەڵگای خۆیەوە بەستراوەتەوەو ئینتمایەكی راستگۆیانەشی بە نیسبەت كۆمەڵگاكەی و نیشتمانەكەی هەیە. وەك ئەوەی كە لە كۆمەڵگای ئورووپایی دا دەبینین. رۆژانە ئەوەندەی ئێمە خەڵك بە ئەخلاقی و بە نائەخلاقی تۆمەتبار دەكەین، ئەوەندە خەریكی كاری دیكە نین. لە حاڵێكدا لە كۆمەڵگایەكی پێشكەوتوو ئەو شتانە بەستراوەتەوە بە ویستی تاكەكەسەوە. راستە هێندێك بنەما هەیە وەك راست گۆیی ،هەقیقەت یا ژیاندۆستی،... پێموایە لەزۆربەی‌كۆمەڵگا جیاوازەكاندا شتێكی ئەخلاقییە. بەڵام ئەوەی كە تۆ شێوازێكی دیكە لە ژیانت هەیە، شێوازێكی دیكە لە جل و بەرگ لەبەركردنت هەیە، شێوازێكی دیكە لە بیركردنەوەت هەیە،ئەوە ناكرێ حوكمی ئەخلاقی و نا ئەخلاقی بە سەردا بسەپێنی.

**هەژار:** دیارە ئەگەر بتوانین ئەخلاق بە كۆمەڵێك خەسلەتی دەروونی و رەفتاری تەعریف بكەین، ئەوە لە مەرحەلەی یەكەمدا كاتێك ئێمە دەچینە دەرەوە یا دەچینە شوێنیك و كە ئێمە پێی دەڵێین تاراوگە، لە واقیعدا ئەخلاق، هەر وەكوو كاك سۆران ئاماژەی پێدا، زیاتر دەچێتە چوارچێوەی هۆویەتەوەو خۆی دەنوێنێ. ئێمە تا چەندە دەتوانین خۆمان بپارێزین لە بەرامبەر ئەو هەموو هێرشانەی كە لە دەرەوە، لەو گۆڕەپانە سیاسی و كۆمەڵایەتییەدا كە ئێمەی تێداین كاریگەر بێ لە سەرمان. من هەموو نموونەكانم لە سەر كوردە واتە تاكێكی كورد، ئەمەش نەوە بە دوای نەوەدا جیاوازی‌یان هەیە. یانی كەسێك كە ئەمڕۆ لە كوردستاندا دەژی، كاتێك دەچێتە ئورووپا تۆزێك پابەندترە بەو بنەما ئەخلاقییانەی كە لە نێو كۆمەڵگای خۆی دا هەیە، جۆرێك روانینێكی دیكەی هەیە بەرامبەر بەوە. بەڵام ئەو كەسەی كە لە ئورووپا لە دایك دەبێ، روانینێكی دیكەی هەیە. لە وانەیە ئەوكات كوردبوون بۆ ئەو تەنها بریتی بێ لە وێنا كردنی شتێكی خەیاڵی كە لە سەر سەری ئەو بسوڕێ، لە وانەیە ئەوەندە پابەند نەبێ بەو بنەما ئەخلاقیانەی كە لە ناو كۆمەڵگاكەی ئێمە دا تەعریف كراون و باوەریان پێی هەیە. ئینجا خودی ئەو ئەخلاقەش لە واقعدا دەتوانێ لە رەوەندی شكڵ گیری شكلّدا لە مرۆڤێكی تاراوگەنشین دا كاریگەرێكی یەكجار زۆری هەبێ، لەو جەمعیەتەوە كە بتوانێ پەیوەندی‌یەكی هەمەلایەنە لە گەڵ ئەو كۆمەڵگایە دا بێنێتە كایەوە. ئەخلاق ئەگەر لە چوارچێوە گشتی‌یەكەی بۆی بڕوانین، دەبینین كە دەتوانێ میكانیزمێكی موستەعید بێ لەو بارەیەوە كە ئێمە بتوانین خۆمان لە گەڵ ئەو فەزایەی كە لە دەوری ئێمە هەیە، ئەو فەزایەی كە پێشتر ئێمە تێیدا بووین، خۆمان رابێنین. دەتوانین بیكەینە میكانیزمێكی گونجاوتر بۆ ئەوەی چیتر تاراوگە بە لای ئێمەوە مەعنای نەبێ و ئەمە چ لە رووی كۆمەڵایەتییەوە بیگری چ لە رووی سیاسیشەوە بیگری. من بۆیە زۆر دەچمە لایەنی سیاسیەكەوە چونكە بۆ ئێمەی كورد ئەسڵەن مومكین نییە كاتێك كە تۆ باس لە تاراوگە دەكەی، باس لە رەهەندی سیاسی شكڵگیری تاراوگە نەكەی. چونكە ئەو شتانە دوو شتی تەواو پێك بەستراون، یانی ئێمە چۆن دەتوانین لەو تاراوگەیەی كە تیایدا دەژین پەیوەندی كۆمەڵایەتی و سیاسی باش بخوڵقێنین بەوەی كە

بتوانین ئێستا بۆ ئێمە هۆویەت زۆر گرینگە، یانی ئێمە دەمانهەوێ پێناس بدەین بە خۆمان، ئێمە دەمانهەوێ خۆمان بناسین. هێندێك شتی بنەمایی هەن وەکو مێژوو وەکو کلتوری ئێمە، دەبێ ئەوانە بهێڵینەوە، بەڵام لە هەمان کاتیش دا نابێ ئەوە بێنێتە پێش چاو کە بیکەینە میکانیزمێك کەوا ئەو تاراوگەیەی کە تیایداین زیاتر بۆمان ببێتە تاراوگە. لە واقیعدا ئەگەر ببێتە نیشتمانی دووەممان، لەو نیشتمانەش هەڵکەندرێین بچین. نموونەیەك دێنمەوە، یەکێك لە نووسەر و شاعیرە گەورەکانی عەرەب دەڵێ یەکێك لە موشکلە هەرە گەورەکانی عەرەبەکان ئەوە بوو کە دەچوونە هەر وڵاتێك دەیانهەویست خەسڵەتی عەرەبایەتی خۆیان کە ئەو خەسڵەتە لە چوارچێوەی ئەخلاق و مۆراڵی عەرەبی دا دەبیننەوە خۆیان جیا دەکردەوە. بەڵام دەڵێ جولەکەکەمان وا نەبوون دەچوون بە شێوەیەك لە ناو کۆمەڵگاکانی ئەوێ دا لە گەڵ ئەوەی کە خەسڵەتی خۆیان هەڵدەگرت بەڵام جۆرێك تەفاعولاتی یەکجار قووڵیان هەبوو و ئەوەش دەبینین کە ئێستا جوولەکە لە ئاستی دونیادا لە رووی هێزی ئینسانییەوە کەمن، بەڵام تەئسیراتێکی راستەوخۆیان لە سەر سیاسەت هەیە. سیاسەتێکی کە بە قازانجی بنەما ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگای بنەڕەتی خۆیان بێ. ئینجا مەبەستم چیە لێرەدا، یانی ئێمە ئەگەر بێتوو هەر وەکو کاك سۆران ئاماژەی پێدا ئەگەر بێتوو ئەخلاق لەو چوارچێوە تەقلیدییە کۆنەدا کە لە چوارچێوەی کۆمەڵێك رەفتارو کردەی کۆمەڵایەتی دابینێین، هەڵەیەکی یەکجار زۆر گەورەمان کردووە و لەوێ دایە کە ئێمە ناتوانین ئەسڵەن بەو مانایەی بچینە پێشێ، بەو مانایەی کە هەمیشە هەوڵدەدەین خۆمان لە چوارچێوەی پێناسەیەکی مەحدوود دا دابنێین. جا لێرەدا کە ئەخلاق لە لای ئێمە نابێ بەو تەعریفە کۆنانەی کە لای ئێمە هەیە، بریتی بێ لە کۆمەڵێك شتی چەسپاو. راستە لەوێ دا ئینسان دەکەوێتە ژێر کاریگەری بنەما ئەخلاقییەکانی ئەو کۆمەڵگایە بەڵام ئەوە هیچ بەو مانایە نییە کە ئەو ئینسانە هۆویەتی دەگۆڕێ. هەر بۆ نموونە لاوێك کە لە ئورووپا لە دایك بووە کوردی نازانێ بەڵام کاتێك دەم دەکاتەوە دەڵێ ئاواتم ئەوەیە کە کوردستان رزگار بێ، لە حالێك دا من مەبەستم ئەوەیە کە کێشەی ئێمە کێشەی هۆویەتە.

**رامبود:** تۆ باسی ئەخلاقت کرد، ئەخلاق زۆر پەیوەندی هەیە بە نۆڕم و بەهاکانەوە لە کۆمەڵگا دا، یانی ئەوانە بنەمای ئەخلاق پێك دێنن. لە کۆمەڵگاکەی تۆدا چ بەهایەك زاڵە چ نۆڕمێك زاڵە بە سەر ئاکار دا، لە کۆمەڵگایەکی رۆژئاوایی دا، لە ئوروپا دا چ نۆڕم و بەهایەك هەیە؟ جا بۆیە وەك باسم کرد ، ئەو پارادۆکسە لە نێوان نۆڕم و بەهاکانی مرۆڤێکی کورددا کە دەچێتە کۆمەڵگایەکی رۆژئاوایی، کۆمەڵێك کێشەی تەنانەت دەرونیشی بۆ ساز دەکا. بەڵام من دەمهەوێ ئەوە جیا بکەمەوە، لە پێش دا گوتم ئەو کەسەی کە لە رۆژهەڵات هاتۆتە باشووری کوردستان، بە رای من تاراوگەنشین نیە. چون تووشی دابڕانی کلتووری نەبووە، دابڕانێکی قووڵی کلتووری کە وا یەکسەر تووشی کێشەیەکی وا گەورەی بکا کە لە نۆڕم و بەهاکانیدا بکەوێتە پارادۆکسەوە لە گەڵ نۆرم بەها نوێیەکان، چونکە نۆرم و بەهاکان لێرەدا زۆر لێك نزیکن. بەڵام پێم خۆشە بڵێم ئەو مرۆڤە کوردەی کە دچێتە ئورووپا، دەچێتە رۆژئاوا، تەنانەت پەیوەندی بەوەوە هەیە کە سەڵت بێ یان خێزاندار بێ، مرۆڤی سەڵت کە لە ئورووپا بێ زۆر ئاسانتر دەتوانێ خۆی بگونجێنێ لە گەڵ ئەو نۆرم و بەها تازانە، چونکە بەشیچکی بەرچاو لە ئەخلاق لای ئێمە بە شەڕەف و ناموس و ئەو شتانە مانا دەکرێنەوە، یانی کە سەڵت بیت و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیش لەوێ کەم دەبێتەوە. واتە مرۆڤێکە ناناسرێ بەو توندییەی کە لە کۆمەڵگاکەی خۆیدا لە ژێر چاوەدێری بیروڕای گشتی دا بوو، لە ژێر چاوەدێری خێزان و بنەماڵە و ئەوانە دا بووە. لەوێ لە ژێر چاوەدێری دانامێنێ‌و ئازادتر دەبێ، بۆیە ئاسانتر دەتوانێ خۆی لە گەڵ ئەو کۆمەڵگایە بگونجێنێ و تەنانەت نەك هەر گونجان بەڵکوو هێندێك جار شتەکە زۆر ئاساییش دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی کە خێزاندارە تووشی ئەو کێشە دەبێ، تووشی پارادۆکس دەبێ. زۆر جار ئەوەی لێ‌دەکەوێتەوە کە باسم کرد. دەبینین ئەوەی بۆ قبووڵ ناکرێ کە کچەکەی یا ژنەکەی بە پێی ئەو نۆرم و بەها رۆژئاوایی‌یانە هەڵسوکەوت بکا، تەنانەت دەست دەداتە کوشتنیشی. یانی ئەو پارادۆکسانە ئەوەندە توند دەبێتەوە.

**سۆران:** ئەوەی کە ئێمە لە رۆژهەڵاتەوە هاتووین بۆ باشووری کوردستان، ئایا تاراوگەنشینین یا نا؟ بە رای من ناکرێ مانای تاراوگەنشین تەنیا لە پێناسەیەك دا کورت بکرێتەوە، بەڵام کە نێوەرۆکی کێشەکە لە بەرچاو بگری، تۆ زێدت بە جێ هێشتووە،

شوێنێك كە لێی لە دایك بووی، نەك بەجێهێشتنی نیشتمان.ئێمە خاوەنی یەك زمانین، ئێمە كە دێین بۆ كوردستانی باشوور یەكەم شت كە بەرخوردی لە گەڵ دەكەین زمانە، من كێشەم نابێ یانی ئەو دابڕانە كلتوورییەی كە كاك رامبوود ئیشارەی پێدا نامبێ. بەڵام لە هەمان حاڵەتدا جۆرێك لە نامۆبوون هەیە، ئەو نامۆبوونە بە نیسبەت نیشتمان نییە، ئەو نامۆبوونە بە نیسبەت شوێنێكە كە لێی لە دایك بووی، بە نیسبەت كۆڵانەكانی شارەكەت یا بە نیسبەت دارو درەختی گەڕەكەكەی خۆتە، بە نیسبەت ماڵی خۆتە. بەڵام وەك حاڵەتێكی دەروونی ئەگەر بچینە ناو مەسەلەكە زۆر كەس هەیە لە ناو نیشتمانی خۆشی دا دەژیو هەست بە غەریببوون بەرامبەر نیشتمانەكەی خۆشی دەكا. پێموابێ ئەوە باسێكی دیكەی سایكۆلۆژی جیاوازە، ئەوەی كە تۆ لە گەڵ كۆمەڵێك نۆرم و بەهای ئەو كۆمەڵگایە دا ناژی یان لە گەڵی دەژی و قبووڵت نیە. دەكرێ لە لای زۆر كەس زیاتر لێك دانەوەیەكی دەروونی بۆ بكرێ، بەڵام لە بیرت نەچێ ئێمە نەوەی ئۆردوگاكانین، هیچ سەدەیەك بە قەد سەدەی بیست سەدەی دروستبوونی ئەو ئۆردووگایانە نییە. دەبێ جارێكی تر ئۆردووگا پێناسە بكرێتەوە، ئەو ئۆردوگایانەی كە بە زۆرەملی دروست كراون، ئەو ئۆردوگایانەی كە ناچار بووی لە شوێنێكی دیكە دوور لە زێدی خۆت دروستی بكەی. یانی دەكری بێی لێكۆڵینەوەیەك بكەی لە سەر مێژووی ئۆردووگاكان، ئەو ئۆردووگایانەی كە شێوازێكی دیكەی ژیانیان دروست كردووە، ئەو ئۆردووگایانەی كە شێوازێكی دیكەی ئینسانیان دروست كردووە. بەڵام لە هەر حاڵێكدا كە ئۆردووگایەك لە نیشتمانێكدا دروست دەكرێ، ناكرێ پێی بڵێی تاراوگەنشینی،دەكرێ پێی بڵێین ئۆردوگانشینی كە دیاردەیەكە لە گەڵ ناسیۆنالیزم دێتە گۆڕێ و پەرەدەستێنێ. بەو پێیەی كە كۆمەڵێك خەڵك حەقیان نییە لە سەر خاكێكی دیاریكراو دا بژین و دوور دەخرێنەوە وەك ئەوەی لە كوردستانی باشوردا كراوە، وەك ئەوەی بە نیسبەت جولەكەكان كرا، وەك ئەوەی كە بە نیسبەت ئەرمەنیەكان كرا. واتە لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا تۆ مافی نیشتەجێبونێكی ئاسایی بە گروپێك بە رەوا نابینی. لە راستیدا لە گەڵ هاتنی مۆدێرنیتەدا ئەو دیاردەیە دەبێتە شتێكی گشتیو سەرەنجام ئۆردووگاكان دروست دەبن، هێندێك جار ئەو ئۆردووگایانە دەكەونە دەرەوەی نیشتمان، كە ئەوە دەكرێ پێی بگوترێ تاراوگەنشینی، هێندێك جار ئەو ئۆردووگا بە كۆمەڵێك ئامانجی سیاسی وەك ئەو هێڵە كەمەرەیەی كە سەدام حسێن لە سنوورەكانی كوردستانی عێراقدا دروستی كرد بۆ ئەوەی پەیوەندی كلتووری لە بەینی ئەو بەشە لە كوردستان و بەشەكانی دیكە بپچڕێنێ و بەو تەعریفانەی كە خۆیان هەیانبوو پشتیوانەكانی شۆڕش كە زیاتر لە شاخەكان و گوندەكان دا كۆ ببۆوە، لە نێو بەرن. بەو تەعبیرە ئەو خەڵكانەی كە زێدی خۆیان گواستۆتەوە لە نیشتمانێكی دیاریكراودا، ناتوانی پێیان بڵێی تاراوگەنشین. بۆیە ئەو كەسانەی كە لە پارچەیەكی كوردستانەوە روودەكەنە پارچەیەكی دیكە كەسانێكن كە تەنیا زێدی خۆیان بەجێ هێشتووە نەك نیشتمان.

**رامبود:** من زۆر لە گەڵ ئەو قسەیەدا هەم كە تۆ دەتوانی لە نیشتمانی خۆشت دا بی بەڵام تاراوگەنشین بی. یانی ئەو شتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە تۆ نۆرم و بەهاكانی كۆمەڵگای خۆت قبووڵە یا نا. سیستمی پەروەردەی ئێستا لە سیستەمی بەجیهانیبووندا وا نییە كە تەنیا بنەماڵە یان ئەو كلتوورەی خۆت ببن بە سەرچاوەی پەروەردە بۆ تۆ، زۆر دەزگای راگەیاندن هەیە وەك ئینترنێت و تەلەفزیۆن و.... كە ئەوانە كاریگەرییان لە سەر پەروەردەی تۆ دەبێ و كۆمەڵێك نۆرم و بەهای نوێت بۆ دروست دەكەن كە زۆر جار ئەو نورم و بەهایانەی كە تۆ لەوێ وەری دەگری دژایەتی هەیە لە كەڵ نۆڕم ە بیهاكانی كۆمەڵگای خۆت، تەنانەت سیستەمی پەروەردەش واتە ئەو سیستەمەی كە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی وەك لە ئێران و عێراق دا بەڕێوەچووە سیستەمێكی نامۆ بووە بەو كلتوورەی كە لە رۆژهەڵاتدا هەیە. بۆیە ئەو سیستەمە پەروەردەیەش زۆرجار مرۆڤێك دروست دەكا كە نامۆ بێ بە كلتوورەكەی پێشووی خۆی، واتە ئەویش تووشی پارادۆكسێك دەكا، بۆیە دەكرێ لە نیشتمانی خۆت دابی بەڵام تاراوگەنشین بی. چون هێندێك نورم و بەهای نوێت وەرگرتووە كە ئەو نۆرم و بەهاكانی پێشووی تۆی شێواندوە، بەڵام ناتوانێ لە نێو كۆمەڵگاكەی خۆت دا بیچەسپێنی. تۆ تەنها لەوێش دا دەتوانی هەست بە تاراوگەنشینی بكەی.